لێكۆڵینەوە

# هەندێك كێشەی هەڵواسراو

## لەنێوان سەلەفییەت و نوێگەرایی لەهزری هاوچەرخی ئیسلامیدا

نەجم عەبدوڵڵا

(بەشی یەكەم)

### بەراییەكی پێویست

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەكەمان وای بەچاك دەزانین كەئاماژەیەكی كورت بەوە بدەین كەمەبەستمان لەواژەی سەلەفییەتو سەلەفیگەریو هزری سەلەفی كەلەم باسەدا بەزۆری بەكارهێنراون؛ ئەو هۆش ـ هزرەیە كە لەگەڵ پرۆسەی تۆماركردن (تدوین)ی دەقەكانی سوننەت (فەرموودەو رەفتارو ئاكارو هەڵسوكەوتو شەڕوشۆڕەكانی پێغەمبەر دەستی پێكرد كەساڵی ١٤٣ی كۆچیی؛ لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی؛ ئەبوجەعفەری مەنسوور (١٣٦ ـ ١٥٨ك حوكمڕانیی كرد) دەستكرا بەتۆماركردنی دەقەكانی سوننەت لەم بارەیەوە (الذهبي) مێژوونوسی سوننەت

وتویەتی(قال الذهبي: في سنة ثلاث وأربعين ومائة شرع علماء الإسلام في هذا العصر في تدوين الحديث، والفقه، والتفسير، فصنف ابن جريج بمكة، ومالك الموطأ بالمدينة، والأوزاعي بالشام، وابن ابي عروبة وحماد بن سلمة وغيرهما بالبصرة، ومعمر باليمن، وسفيان الثورى بالكوفة، وصنف ابن اسحاق المغازي، وصنف أبو حنيفة رحمه الله الفقه والرأي، ثم بعد يسير صنف هشيم، والليث، وابن لهيعة، ثم ابن المبارك وأبو يوسف، وابن وهب، وكثر تدوين العلم وتبويبه، ودونت كتب العربية، واللغة، والتاريخ وأيام الناس، وقبل هذا العصر كان الأئمة يتكلمون من حفظهم، أو يروون العلم من صحف صحيحة غير مرتبة) (تاريخ الخلفاء للسيوطي، ص٢٦١)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهزری سەلەفی؛ هزرو بیرو هۆشو تێزی فیقهی شوێنکەوتوانی یاوەرو هاوەڵانی پێغەمبەرە کەپاشتر ئەم فیقهە (دیارە هەتا ئەمڕۆش) حوکمی دەقی لەخۆی گرتووە.

## پێشدەستی

شتێکی بەڵگەنەویستە کەدەزگای ئاینی، لەهەر کۆمەڵێکی ئایندااردا رۆڵێکی دیاریکراوی هەبووەو هەیە کەئەوەش بەرجەستەکردنی ئاینە لەواقیعدا. ئەم پرۆسەیە، بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵانی ئایندار پێویستییەکی مێژوویی بووە کەپێداویستییە هەنووکەییە گشتییەکانو دەسەڵاتی سیاسی سەپاندوویەتی. لێرەوە، واتە لەم پێویستییە مێژوو- سیاسییەوە، ئەو زانا ئاینییانە دروستدەبن کەکاری سەرەکییان بارگاویکردنی گوتاری سیاسییەی دەسەڵات بەدەقی ئاینی، ئەمەش لەئەنجامدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی دروستدەکات لەنێوان دەزگای ئاینیو دەسەڵاتی سیاسی - فەرمانڕەواو لەئاکامدا بەرهەمە ئاینی - سیاسییەکە وەردەگەڕێتە ئایدیۆلۆجیا، هەروەکو لەئاینی جوولەکەدا فێرگەی تەوراتخوێنەکان (القرائين)و فێرگەی زاناو هۆزانەکان (الربانيون) هەیە، یان لەئاینی مەسیحیدا: کاتۆلیك، پرۆتستانت، ئەرسەدۆکس...هتد هەیەو، لەئاینی ئیسلامدا، جگە لەچوار مەزهەبە سەرەکییەکەی پێڕەوانی سوننی شیعەکان ، دەیان فێرگەی تر پێڕەو هەیە . جگەلەوەی بەپێویستی نازانین خۆمان لەخوێندنەوەی هاوتایەکیتری ئەم دەقەی سوننەت بدەین کەدەڵێت: (ستفترق أُمَّتي على بِضع وسبعين فِرقة أبَرَّها وأتقاها الفِئَة المُعتَزِلَة)(تاريخ الفِرَق، علي الغرابي، ص٥٤) کەئەم دەقە بەرەو ئاقارێکیتری مەسەلە

فیکریو جیاوازییە کەلامیو ئایدیۆلۆجییەکانی هزری بەرایی ئیسلامیمان رادەکێشێت کەئێرە جێی ئەو باسە نییە، هەرچەندە بەپێویستی دەزانین لەم میانەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەدەشێت تێزێکیتری بەبارێکیتر خوێندنەوەی ئەم دەقە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە (کاکڵەی فەرمودەکە تەواو گونجاوە لەگەڵ کەشی سیاسیی گرژی ئەو سەردەمانەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کەزۆربەی لایەنەکان بۆ ریسواکردنی لایەنە نەیارەکانیان سودیان لێ وەرگرتوەو هەر لایەنێك پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کەفەرمودەکە تەنها ئەو دەگرێتەوەو هیچ لایەنێکیتر ناگرێتەوە. شێوەی سود وەرگرتن لەفەرمودەکە مەیلێکی تەکفیریو ناوەڕۆکێکی سیاسیی رونی پێوە دیارە. زیاتر ئەوە پەسەندە کەمێژوی دروست کردنی ئەم فەرمودەیە کەئاماژە بۆ سەردەمی ناکۆکی و ناتەبایی دەکا، دەچێتەوە سەر کۆتایی سەردەمی حوکمڕانیی ئەمەویو سەرەتای حەکمڕانیی عەباسییەکان)(فەرید ئەسەسەرد، سەید قوتبو تیۆریی تەکفیرکردنی کۆمەڵو .. ل٢ز - ٢١).

لەم رووەوە کاری زانایانی ئایینیو شەرعناسان، لەکۆمەڵی لەمجۆرەدا دەبێت بەتەشریعکردن بۆ دەسەڵات (یان دەبێت بەئۆپۆزسیۆن)، ئنجا بڕیارە سیاسییەکان بەدەقی ئاینی پاساودەدەن، ئەمە جگە لەوریاییکردن لەرووی جێبەجێکردنی حوکمە ئاینییەکان هەروەها ئیجتیهادکردنو چاودێریکردنی حوکمە تایبەتییەکانی بەحەڵاڵکردنو حەرامکردن. سەرباری هەموو ئەمانەش، جڵەوکردنی کۆمەڵانی خەڵکی ئایندار بۆ بەگوێکردنی دەسەڵاتی سیاسیو دەرنەچوون لەو هێڵەی شەرع دیاریدەکات بۆ بەگژ فەرماندار هەڵنەسان، با ئەو فەرماندارەش نادادی بنوێنێتو زۆروستەم بەکاربێنێت[1].

ئەم پرۆسەیە هاوکێشەیەك دروستدەکات کەدەزگای ئاینی ناچاردەکات دەوڵەتو ئاراستەکانی بپارێزێت، سیاسەتەکانی پەسەندبکاتو لەهەمانکاتدا ئەرکی پاراستنی ئاینیشی لەسەرە.

نیازمان نییە تۆژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجی یان سۆسیۆلۆجی دەربارەی ئاینو کاریگەرییەکانی لەسەر دەزگای ئاینیو پێکهاتەکەی بکەین، چونکە ئەم باسە دەمانباتەوە بۆ قسەوباس دەربارەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئاین هەروەها بەراوردکردنی ئەو هەلومەرجە لەگەڵ سستمەکانیتری یاسا، خێزانو دەسەڵات ..

هتد، ئەمەش بەرەو ئاقارێكمان رادەكێشێت كەخۆمان لەناوجەرگەی ئاینی گەلە سەرەتاییەكاندا دەبینینەوە بەكەش‌و جۆرو رێوشوێنی جیاجیایانەوە. بەڵام وەك سەرەتایەك؛ پێویستە بزانین كەئاین دیاردەیەكی مرۆییە، لەهەركوێ مرۆڤ هەبێت ئەویش هەیە. هەندێكیش وای بۆ دەچن كەئاین خۆڕسك یان غەریزی یە كە بەلای هەندێكەوە ئەم پێناسەیە؛ خاوەنی مۆركێكی ئەبستراكتی سایكۆلۆجییە (الدین في المجتمع، الأسس الإجتماعیة للظاهرة الدینیة، حیدر ابراهیم علي، ص٣٤).

هاوكات هەندێك لێكۆڵینەوە ئاماژەیان بەوەداوە كەهەندێك گرووپی سەرەتایی مرۆیی هەن بەهیچ شێوەیەك ئاینیان نەبووەو نەیانناسیوە. هەروەها چەند خێڵێك لەهندییە سوورەكانی ئەمەریكا، بوونەوەرێكی بالإیان نەبووە كە بەخوا (هیچ نەبێت هی خۆیانی) بزانن یان بەلایانەوە بالإبێت، تەنانەت هیچ جۆرە سرووتێكی ئاینی‌و پەرستكارییان نەبووە(س.پ، ل٣٤)، بۆیە لەئەنجامدا، مەسەلەكانی رەفتار، گوفتار، ئاكاری كۆمەلإیەتی‌و پاكژی لەلایان سەرەتاییەو ئەگەر حوكمێكیش پێڕەوبكەن دەربارەی قەدەغە (تابۆ)كانیان (كەئەوانەشیان بەپێی بۆچوونی سەرەتاییانە) ئەوە بۆ بنەبڕكردنی دیاردە دزێوەكان نییە ئەوەندەی بۆ بەرگرتن یان كەمكردنەوەی تەشەنەسەندنیانە. بەلإم ئەو كۆمەلإنەی ئاینی ئاسمانی پێڕەودەكەن؛ ئەوە كەم تا زۆر رێوشوێنەكانی قەدەغە (المحرمات)و سنووری بەزاندنیان بۆ دیاریكراوە كە لەئەنجامدا زیاتر وابەستەی ئاكاری كۆمەلإیەتی دەبن كەتێیدا یەكێتیی كۆمەڵ دەپارێزرێت هەرچەندە لادان لەرێنماییەكان سەرهەڵدەدات، بەڵام گرنگ دەقی رەسەنی ئاینەكەیە كەبمێنێت.

## فراوانبوونی پانتایی قەدەغەكان

كۆمەڵی رۆژهەلإت بەگشتی‌و كوردەواری بەتایبەتی، زیاد لەكۆمەڵانیتری جیهان (رۆژئاوای مەسیحی بەتایبەتی، كەتێیدا دامودەزگای ئاینی، بەئاشكرا لەبوارە جیاجیاكانی ژیانی كۆمەلإیەتی دوورخراوەتەوە كەئەوسا، پێش هەژموونی رەوتی سكولاریزم ـ عەلمانییەت ـ كەم تا زۆر كاریگەریی خۆی هەبوو) پێویستی بەوەیە ئاوڕێكی جددی بۆ لێكۆڵینەوەو تاوتوێكردنی ئاین هەیە، ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەی كۆمەڵی ئیسلامی (لێرەدا مەبەستمان كۆمەڵی رۆژهەلإت بەگشتی‌و كوردەوارییە

بەتایبەتی)، ئەوساو ئێستایشی لەسەربێت، کێشە بنەڕەتیو چارەنووسسازە کۆمەڵایەتییەکانی بەچەند قەدەغەو تابۆ یەکی ئاینی دەورەدراوە کەهەمیشە وایانکردووە نووسینو قسەکردن دەربارەی ئاین بەپارێزەوە بکرێت، واتە خەرمانەیەك لەپیرۆزیی قەدەغە (یان قەدەغەی پیرۆز)؛ بەدەوری تاوتوێکردنی باسە پەیوەندارەکان بەئاین، بەژیانی تاكو کۆمەڵدا کێشراوە کەبواری نزیککەوتنیان، بەسنووربەزاندن بژمێردرێت، دیارە لەم بارەو لەمجۆرە کۆمەڵانەدا، بەزاندنی سنووری ئاین بەکوفر لەقەڵەمدەدرێت. دیارە مەبەستیشمان راڤەو تاوتوێکردنی ئاسایی دەقە ئاینییەکان (قورئانو سوننەت بەپلەی یەکەم، ئینجا ئیجتیهادی فەقیهەکان بەپلەی دووەم) نییە، بەڵکو مەبەستمان خوێندنەوەی هاوچەرخی دەقە جیاجیاکانو هەڵاواردنی بیرورِاو بۆچوونە نادروستەکانە دەربارەی هەندێك دەق ئەوەش بەپشتبەستن بەبیروڕاو بۆچوونی شارەزاو شەرعناسانی مەزهەبو فێرگە جیاجیا ئاینییەکانی ئیسلامە، کەسەرجەمی ئەو بیروڕاو بۆچوونە لێکجیاوازانە؛ خۆیان لەچوارچێوەی فیقهە فراوانەکەی شەرعی ئاینی ئیسلامدا دەبیننەوە کەئەمەش وایکردووە (ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە) سنووری قەدەغە ـەکان، لەسەر حسابی تەسککردنی بازنەی کارو رەفتارە رێپێدراوەکان (المباح) ئەوەندە تەسکبکرێتەوە کەئازادیی ئیرادەی مرۆڤ ئفلیج بکات، چونکە گیروگرفتە سەرەکییەکە لەمیانەی مامەڵەکردنە لەگەڵ فیقهدا وەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی شەرع شانبەشانی دەقو بارگاویکردنی بەخەرمانەی (مرجعیة)ێکی سەپێنراو کە لەناو زەمەندا درێژبۆتەوە، درێژبوونەوەیەك کەدەسەڵاتی دەقو پلەوپایەکەی لەسەر زەمەنێکی پاش خۆی جێبەجێدەکات (السلطة في الإسلام، عبدالجواد یاسین، ص٣٤). ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر دەق (لێرەدا مەبەست دەقی قورئانو ئنجیلو تەوراتە بەبێ رەچاوکردنی سوننەت بەنیسبەت ئیسلامەوە ئینجا ژیاننامەو پێڕەوی خودی مووسا پێغەمبەرو یاوەرەکانی لەلای ئاینی جوولەکە هەروەها ژیاننامەو پێڕەوی خودی عیسا پێغەمبەرو یاوەرەکانی لەلای ئاینی مەسیحی) بەوە دابنرێت (کەهەر وایشە) پێش ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی رەوانەبکرێتو لەناو واقیعدا کارلێکی خۆی بکات؛ رەهای ناو زەمەن بووە. ئەمەش لەبەرئەوەی سەرچاوە خواییەکەی؛ کە لەدەرەوەی زەمەنەوە هاتووەو بەحوکمی سروشتی پێکهاتەو کاریگەرییەکانی؛ بۆ ئەوە

گەڵاڵەکراوەو داڕێژراوە کەپێبەپێی زەمەن (بۆ هەتاهەتایە) درێژبێتەوە، ئەوە لەئەنجامدا شتێکی بەڵگەنەویست دەبێت کە بەهیچ شێوەیەك ناشێت فیقهـ پێش دەق کەوتبێت یان وەها رابنوێرێت کە(فیقهـ) پێش دەقە یان هاوتایەتی، چونکە لەبنەڕەتدا دەق بەگردیو بەئامادەکراوی هاتووەو دێت، بەڵام وەکو دەزانین فیقهـ دەرەنجامی کارلێکی دەقە لەناوو لەگەڵ واقیعدا کە(واقیع) بەپێی سەردەمو کۆمەڵەکان گۆڕانکاریی بەسەردادێت. بۆیە لەبارێکدا ئەگەر ئەو فیقهە بەهاوتای دەق دابنرێتو کاریگەریو حوکمەکانی وەکو کاریگەریو حوکمی دەق دەخوێنرێنەوەو مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت ئەوە ئیرادەی مرۆڤ (ئەمەش وەکو گوتمان لەڕێی فراوانکردنی بازنەی قەدەغەکان لەسەر حسابی تەسککردنی بازنەی رێپێدراوەکانە) بەشێوەو ئەندازەیەك لەقاڵب دەدرێتو کۆتوپێوەنددەکرێت کەمرۆڤ (هەروەکو بەدرێژایی مێژووی فیقهی ئاینی هاتووە) لەڕچەی: (گوتیان ـ دەڵێن ـ دەگێڕنەوە ـ گێڕایانەو ـ وا باوە) دەرنەچێت کەئەمەش خۆی لەخۆیدا رەتکردنەوەو زیادلەوەش سڕینەوەی خودی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێکی هۆشمەندی خاوەن ئیرادەو شایەنی بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندنو رەخنەگرتن کە لەڕێی رەخنەو رەخنەکارییەوە، مرۆڤبوونی خۆی دەسەلمێنێت هەروەکو ئەبو حەنیفە کە لەمیانەی شۆڕشە ئیجتیهادییەکەیدا رایگەیاند کاتێك وتەزا بەناوبانگەکەی دەربڕی (نَحنُ رِجال وَهُم رِجال)، کەئەمەش ماكو ئامانجی پرۆسەی رزگارکردنی هۆشە لەدۆگمابوونو پێڕەوکردنی کوێرانەو لەکۆتاییدا نەخوێندنەوەی واقیع.

بەلاشمانەوە لێکۆڵینەوە لەباسوخواسی ئاینیو تاوتوێکردنی راڤەی راڤەکارانی کۆنو نوێی فیقهی ئاینی ئیسلام، یان تاوتوێکردنی هەندێك حوکمو بۆچوونی شەرعیو هەڵسەنگاندنی بەپێی ئەنجامی هەلومەرجی داسەپێنراوی مێژووگەرایی ئیسلامو بەراوردکردنو پێکگرتنی لەگەڵ هەلومەرجو واقعی سەردەمدا، دەڵێین: ئەمە نە سنووربەزاندنە، نە دەشچێتە خانەی رووشاندنی تابۆی ئاینی ، لەکۆتاییشدا وەکو ئەنجامێك، ئەمە کفریش نییە، هەروەکو لەتۆمارەکانی تەشریعی فیقهی ئیسلامیدا حوکمی لەمجۆرەمان بەرچاودەکەوێت: (لا يجوز تقليد ما عدا المذاهب الأربعة ولو وافق قول الصحابة والحديث الصحيح والآية، فالخارج عن المذاهب الأربعة ضالٌ مُضِل، وربما أدَّاه ذلك الى الكفر، فإنَّ الأخذ بظواهر الكتاب والسُنّة من أُصول الكفر)(الإجتهاد

والتقليد، ص١٧٦. کەئەم دەقە لە: محمد الويلتوري الملّيباري، هداية الموفقين الى الصراط المستقيم، مكتبة إيشيق، إستانبول، ١٩٧٩، ص٦٥ وەرگیراوە). کەهەر لێرەدا، ئەو وتەزایەی ئەبوحەنیفە (کە بۆخۆی یەکێکە لەو چوار ئیمامە خاوەن پێڕەوو مەزهەبەی کەدەقەکە مەبەستیەتی) ئەم قسانە رەتدەکاتەوە کەنابێت قسەو بیروبۆچوونی ئیمام یان موجتەهیدێك بەشێوەیەك وەربگیرێت کەرەتکردنەوەی نەبێت یان هیچ نەبێت تاوتوێکردن هەڵنەگرێت، چ جای وەکو ئەمەی ئمرۆ لەجیهانی ئیسلامیدا دەیبینین کە چەمكو رەفتارو گوفتاری ئیمامێك بەلای پێڕەوانی مەزهەبەکەیەوە حوکمی دەقی وەرگرتووە لێلادانی؛ مرۆڤ لەگوناهکردن نزیکدەکاتەوە ئەگەر نەڵێین کوفر.

ئەم پرۆسەیە (تاوتوێکردنی دەقە ئاینییەکانوبەراوردکردنی فیقهی شەرعی لەگەڵ واقیعدا) هەوڵدانی هۆشە بۆ خۆدۆزینەوەی لەمیانەی بەردەوامیەتیی چەمکی ئاینیدا، ئەوەش لەو روانگەیەوە کەدەقی ئاینی؛ کەدەقێکی خواییە، بۆ هەتاهەتایەکاریگەریی خۆی دەبێتو رۆڵی خۆیشی لەهزری مرۆڤایەتیو گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا هەر دەگێڕێت (ئەڵبەت ئنجیل بۆ مەسیحییەکانو تەورات بۆ جوولەکە، لەم بەڵگەنەویستە بەدەر نین. واتە ئاینی ئیسلام، لەکاتێکدا نکووڵیی لەپێغەمبەرانی پێشوو هەروەها لەکتێبە ئاسمانییەکانیتر ناکات بەڵام قورئانو شەرعەکەی بەدوا پەیامی ئاسمانی ژماردووە؛ هێشتا ناکاتە ئەوەی کەئێمەی موسڵمان، تەوراتو ئنجیل لەپێڕەوکارانی مەسیحیو جوولەکە رەتبکەینەوە چونکە لەبنەڕەتدا ئاینی ئیسلام؛ پێڕەوکارانی ئەم دوو ئاینەی بە ـ أهل الكتاب ـ ناوزەدکردووەو رەتینەکردوونەتەوە) ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایەی کەئاین، لەسۆنگەی ئەوەی پەیامێکی ئاسمانییەو خواوەند لەرێی پێغەمبەرەکانیەوە بۆ مرۆڤی ناردووە، دەبێت بەکەڵکی هەموو سەردەمێك بێت هەرچەندە هەموو کتێبێکی ئاسمانی بۆ میللەتێکی دیاریکراوو لەقۆناغێکی دەستنیشانکراوی ژیانی ئەو میللەتەداو زیاد لەوەش بەزمانی تایبەتی ئەو میللەتە رەوانەکراوە ﴿ وَما أرسَلنا مِن رَّسُولٍ إلاّ بِلِسانِ قَومِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُم ﴾(إبراهيم٤) کەدوای چەند سەدەیەكو لەئەنجامی گۆڕانی شارستانیەت؛ لەبەر چەندهۆکارێك، زمانی میللەتەکەش گۆڕاوە.

کەواتە، دەبێت پرۆسەی سوودوەرگرتن لەئاین؛ یان ژیاندنەوەی‌و بەردەوامیدان بەگیانی رەسەنایەتی تێیدا لەپێناو خێروخۆشیی مرۆڤایەتی، چۆن بێت‌و بە چ رێگەیەك بێتەدی؟ لێرەدایە کاری ئیجتیهادو راڤەکردنی هاوچەرخ بۆ دەقەکان، بەدەقی قورئان‌و سوننەتەوە (تەنانەت بەئەنجام‌و فتواو حوکمە جۆربەجۆرەکانی فەقیهە دێرینەکانیشەوە لەمەسەلەو کێشە جیاجیاکانی کۆمەڵەکانیاندا) دەوری خۆی دەبینێت‌و ئاین بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە هەروەکوچۆن مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، بەبێ ئاین نەژیاوە. واتە ئەگەر هاوبەش (شَريك)ی بۆ خواش ناوزەدکردبێت ئەوە هێشتا دانانیەتی بەخوایەکی باڵا، ئەوەی هەیە لەپێناو زیاتر خۆنزیکخستنەوە لەخوا، هاوبەشی بۆ دیاریکردووە. هەروەکوچۆن عەرەب لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا بڕوایان بەخوا هەبوو ﴿ قُل لِمَنِ ٱلأرض ومَن فيها إن كُنتُم تَعلَمونَ سَيَقولونَ لله قُل أفَلا تَذَكَّرون، قُل مَن رَبُّ السَّمَاوات السَّبع وربّ ٱلعَرشِ ٱلعَظيم سَيَقولونَ الله قَل أفَلا تَتَّقونَ ﴾(المؤمنون٨٤ ـ ٨٧) واتە عەرەبەکان خواوەندیتریان کردبوو بەهاوبەشی خوا کەدەیانویست لەڕێی ئەو خواوەندانەوە لەخوا نزیکبنەوە ﴿ ويَعبُدونَ مِن دونِ الله ما لا يَضُرُّهُم ولا يَنفَعُهُم ويَقولونَ هَؤلاء شُفَعاؤُنا عند الله ﴾(يونس١٨) یان ﴿ والَّذينَ ٱتَّخَذوا من دونِه أولياء ما نَعبُدُهُم إلاَّ لِيَقرَبونا إلى الله زُلفى ﴾(الزمر٣)، بۆ نموونە خێڵی قورەیش عوزا (العزى)یان دەپەرست، خێڵی ئەزد (مەنات)یان دەپەرست، خێڵەکانی قوضاعەو لەخم‌و جوذام (ئەقێصەر)یان دەپەرست، خێڵی موذحج (یەغووث)یان دەپەرست‌و خێڵی تەی (الفلس)یان دەپەرست[٢].

لەلایەکیترەوە، ئەگەر مرۆڤ (لەهەندێك کۆمەڵی سەرەتاییدا) بڕواشی نەهێنابێت خوایەك هەیە دروستیکردووەو یاساو سستمەکانی گەردوونی راگرتووە، ئەوە بەدەستی خۆی، هیچ نەبێت لەدارو لەبەرد؛ خوایەکی بۆ خۆی دروستکردووەو کڕنووشی بۆ بردووەو لێی پاڕاوەتەوە کە بەمیهرەبانی‌و گەورەیی خۆی رێنموونی‌و چاودێریی بکات‌و تەندوستی پێببەخشێت‌و خێرو فەڕی بەسەردا دابارێنێت‌و ئەمیش لەبەرامبەردا ، سنووری ئەو قەدەغانە نەبەزێنێت کەئەو بۆی دیاریکردوە، یان خودی خۆی بەناوی ئەوەوە دایاندەڕێژێت.

باوەڕهێنان بەخوا بەزۆری لەناو گەلانی دنیادا گشتییەو کەم وایە میللەتێك هەبێت (چ سەرەتایی چ شارستانی) باوەڕی بەخواوەندێکی تایبەت بەخۆی نەبێت، ئەوەی هەیە مەسەلەی خوایەتی‌و سیفاتەکانی خواوەند، جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکیتر (فجر الإسلام، ص٨٦). بەواتایەکیتر، هەر نەتەوەو میللەت‌و گرووپێکی مرۆیی بەپێی تێگەیشتن‌و شارستانییەتەکەی، ئاینێك بۆ خۆی دادەڕێژێت... ئاشکراشە کەنوێژ، ڕۆژوو، حەج‌و تەنانەت لەخۆدان‌و شین‌وواوەیلاو گریەوزاریی شیعەکان (بۆ نموونە) لەڕۆژی عاشوورا ڕێوشوێنی مرۆیین (با بەلای خەڵکی ناشیعەوە، چ موسڵمان چ ناموسڵمان لەئاینەکانیتر) لەپێناو بەدیهێنانی بارێکی دەروونی لەئاشتیی گیانەکیی لەناخی مرۆڤدا، هەروەها هەوڵدانە بۆ سازدانی دیالۆگ لەنێوان مرۆڤو ئەو قەوارە ڕەهایەی بڕوای پێیەتی .

لێرەدا بەپێویستی دەزانین بڵێین کەمەبەستمان ئەوە نییە سیفەتی پیرۆزی لەئاین بڕەوێنینەوە، بەڵکو مەبەستمان ڕەواندنەوەی ئەو خەرمانەیەی پیرۆزییە کە بەدەوری دەقە داتاشراوەکان‌و حوکمە لەخۆڕادراوەکان‌و تەئویلە بەرژەوەندئامێزەکاندا کێشراوە کە بەزۆرو لەپێناو بەردەوامیدان بەپرنسیپی پەسەندبوونی مێژووگەرایی ئیسلامیدا، بەئاینی ئیسلام‌و کۆمەڵی ڕۆژهەڵات لەسایەی ئەو فەرمانداراتەی مێژووی ئیسلام (دوای قۆناغی حوکمکردنی چوار خەلیفەی راشدی بەگشتی‌و دوای چوارەم خەلیفە، عەلی کوڕی ئەبو تالب) لکێنرا، کەئەمە بۆتە کەلتوورێکی ئەم کۆمەڵە (ڕۆژهەڵات)و ئەمڕۆ تاکەکانی کۆمەڵ، تالاوی بارگرانییەکەی دەچێژن. واتە پەردە لەسەر پرۆسەی بەدەقکردن (التنصیص)ی بۆچوون‌و تەئویل‌و ئیجتیهادە فیقهییەکان هەڵبماڵرێت لەپێناو دەرخستنی رووی راستەقینەی (ماکی بنچینەیی)ی ئاین، نەك دەقەکان لەڕێی خۆپەرستی‌و خۆویستی‌و زاڵدەستی نواندن، بشێوێنرێن‌و مرۆڤ بەدەستیانەوە بناڵێنێت‌و لەئەنجامدا گرووپێك (ناڵێین بەشێکی کۆمەڵ) خۆی بەبڕواداری ساغ‌و پوخت‌و پێڕەوکاری هەموو دەقە ئاینییەکان بژمێرێت ئینجا هەرچی لەڕیزی ئەوو هاوڕاو هاوبیری ئەو نەبوو بەکافر بژمێرێت‌و فتوای بنەبڕکردن (مل پەڕاندن)ی بدات.

## تێڕوانینی ئاینیی کۆمەڵ بۆ ژن

مەسەلەی بەپەراوێزكردنو چەوساندنەوەی ژن لەجیهانو لەهەموو كۆمەڵە جیاجیاكاندا؛ سەرەڕای جیاوازیی ئاستی شارستانیو كەلتوورییان، دیاردەیەكی گشتییە لەكۆنو نوێداو تائێستا هیچ لێكۆڵیارو كۆمەڵناسێك نەیتوانیوە كۆمەڵێكی دیاریكراوی مرۆیی لەم دیاردەیە هەڵبوێرێت كەلێرەدا دەكرێت (ئەمەش بەڕای ئێمە، هەروەكو لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین لەئەنجامی خوێندنەوەی بندێڕە رەگداكوتاوەكانی، جەمسەرو رەهەندە كەلتوورییەكانی روونبكەینەوەو بیسەلمێنین)، دەڵێین دەكرێت دیالێكتیكی پەیوەندیی كۆمەڵ ـ ژن، ئینجا نێر ـ مێ (دەسەڵاتی باوك، برا، مام، ئامۆزا لەبەرامبەر: ژن، دایك، كچ، خوشك، برازا، ئامۆزا) وەكو نەفرەتێك بشوبهێنین كە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، پەیوەندیی ئەم دوو جەمسەرە (نێر- مێ)ی تەنیوە، نەفرەتێك كەپەیوەندیی نێوان جەمسەری زاڵدەستی (نێر) بەسەر جەمسەری بندەست (مێ)دا رەنگاندووە كەهەردوو جەمسەرەكە (نێرو مێ) لەهەمانكاتدا، پێكەوە تاڵاوەكەی دەچێژن، بەڵام ئەوەی هەیە جەمسەری زاڵدەست (نێر)، بەحوكمی پراكتیزەكردنی دەسەڵاتە زەمینیو ئاسمانییە پێبەخشراوەكانی، تاڵاوەكە وەكو شیرنایەتی دەبینێتو دەچێژێت، دیارە ئەمەش (وەكو بەڵگەنەویستێك) لۆجیكی هەموو سەركەوتوویەكە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لەهەر ململانێیەكدا كەئەگەر خوێنیشی لەبریی بدات، ئەوە هێشتا بەهەندی وەرناگرێت.

شتێكی بەڵگەنەویستیشە بۆ پیاو كەناشێت نكووڵی بكاتو ئەم راستییە بشارێتەوە كەژن، تائەمڕۆ، هێشتا بەبوونەوەرێكی پلە دوو لەدوای پیاوەوە تەماشادەكرێتو جگە لەپێشێلكردنی بەها سروشتییە مرۆییەكانی، راست وەكو كاڵایەكی سێكسواڵ هەڵدەسەنگێنرێتو مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت بۆیە بەشێوەیەكی راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ؛ لەژێر پەردەی ئاینداۆیت یان لەسایەی یاسا زەمینییەكان ( كەئەمانیش كەم تا زۆر لەبۆتەی یاسا ئاسمانییەكان هەڵێنجراون) بازرگانیی بەجەستەیەوە دەكرێتو، لەئەنجامدا هەموو مەبەستێكی پیاو لەژن: پاراستنی شەرەفو نامووسی خۆیەتی (وەكو پیاو) كەئەم چەمكە، خۆی لەجەستەی ژندا دەبینێتەوە، هەروەها لەخەیاڵی پیاودا ژن كورت بۆتەوە لەجەستە، لەڕێگای ئەم تێڕوانینەوە پیاو دوو ئامانج دێنێتەدی، یەكەم: بەردەوامیدان بەڕەگەزی خۆی لەڕێی زاوزێوە، دووەم:

خۆشی وەرگرتن کە بەماف و تایبەتمەندییەکی خۆی دەزانێت و، ئەمەش لەو روانگەو بۆچوونە نێرگەراییەوە کەپیاو وای دارشتووە کە لەپرۆسەی سێکسدا: پیاو بکەرەو ژن بەرکار. واتە بەحوکمی ئەوەی خۆی بەکاراو پلە یەك لەپرۆسەی سێکسدا دەزانێت، ژنی لێ بێبەش دەکات. بەواتایەکیتر، زۆر زەحمەتە (بەتایبەتی لەکۆمەڵی رۆژهەلاتیدا) ژن و پیاو (مەبەستمان ژن و مێرد ـ هاوسەرانە) لەئەنجامی ئەم تێروانین و هەڵسەنگاندن و دارشتنەی گوتاردا (کەگوتارێکی نێرگەریی ـ کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە)، پەیوەندییەکی ئاسایی سروشتی و عەقلانیی لەنێواندا هەبێت یان دروستبێت کە لەئەنجامدا، بارەکە وا شکاوەتەوە بریاری سێکسکردن یان بەیەکجاری رەتکردنەوەی، تەنها بەدەست پیاوە[٣]. سەرباری هەموویشی، نە دەق و رێنماییە ئاسمانییەکان؛ نە یاساورێسا زەمینییەکان پیاویان بۆ چاکنەکراوەو بەپێچەوانەی ئەم تێزو بۆچوونە قایلیان نەکردووە (بەڵکو بەهەموو تێزو بۆچوونێکی نێرگەری)، یان راستتر وایە بگوترێت بۆیان قایلنەکراوە: نە بەترساندنی لەسزای ئەودونیا لەباری سەرپێچیکردن و لادانی لەرێنماییە ئاسمانییەکان یان پاداشتدانەوەی لەباری جێبەجێکردنیان، هەروەها نە بەهەرەشە لێکردنی بۆ سزادانی بەپێی یاساو دابونەریتی باوی سەردەم (چ لەکۆمەڵێکی سەرەتاییدابێت، چ لەکۆمەڵێکی شارستانیدابێت).

مەسەلەی چەوساندنەوەی ژن لەسەرانسەری جیهاندا بۆتە دیاردەیەکی گشتی و بەرچاو کە بەلای ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆران، هۆی ئەم هەلومەرجە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بێهێزیی ژن دەگەرێتەوە لەرووی جەستەییەوە کەئەمەش لەبنەرەتدا رێگەی بۆ پیاو خۆشکردووە لەمێژوویەکی زۆر زووەوە، بەتایبەتی لەو قۆناغە سەرەتاییەی ژیانی مرۆڤایەتییەوە کەتێیدا (پیاو) بریاریدا ببێت بەخاوەنی نەك تەنها یەك ژن بەڵکو ببێت بەخاوەنی زیاتر لەژنێك چ وەك هاوسەر، دۆست، کارەکەر (لەماڵدا)، جگە لەکەنیزەك کە لەبازاری کۆیلان دەیکری یان بەخۆی لەجەنگدا وەکو دیل(سبیة) دەستیدەکەوت. بەلام بیرمان نەچێت کەچەوساندنەوەکە زیاتر مۆرکی ئاینیی لەخۆی گرتووە کەمامەڵەی کۆمەڵ بەرامبەر بەژن بەدەقە جیاجیا ئاینییەکانەوە بارگاوی دەکات و هەوڵدەدات بەپێی دەقی ئاینی (چ دەقی رەسەن چ داتاشراو) سەنگی سرووشتیی ژن سووکبکات.

بۆ نموونە، بەپێی شەرعی ئاینی ئیسلام، ژن لەڕێی تەڵاقی بایی (الخُلع)ـەوە دەتوانێت تەڵاقی خۆی وەربگرێت، بەڵام هزری کۆنەپارێزی سەلەفی، وادەکات کەهاوکێشەکە بەشێوەیەك دادەڕێژێت بەزەرەری ژن بشکێتەوە هەروەکو لەم دەقەدا بەدیدەکەین: (زوّج رسول الله ـ ص ـ إمرأة من رجل فرأت منه بعض ما كرهت، فذكرت ذلك الى النبى ـ ص ـ فقال: لعلك تريدين أن تختلعي فتكوني عند الله أنتن من جيفة حمار) (مكارم الأخلاق، ص٢٢١). کەلێرەدا مەبەست لەگێڕانەوەی ئەم دەقە، جەختکردنە لەسەر دوو بنەما، یەکەم: (فرأت منه بعض ما كرهت) کە بەلای هەندێك کۆنەپارێزەوە ژن، نابێت لەهیچ شتێکی ناقۆڵای پیاو ـ مێرد ببێزرێت بەڵکو پێویستە بەهەمو خەوشێکی هاوسەرەکەی رازیببێت، دووەم: حوکمەکەی پێغەمبەری کەفەرموویەتی (فتكوني عند الله أنتن من جيفة حمار)!

## ژنی شەیتان ـ شەیتانی ژن

کەواتە بەپێی ئەم دەقەی سەرەوە، ژن مەرج نییە هەر شتێکی هاوسەری بەردڵ نەکەوت ئیتر داوای تەڵاقی بایی(الخلع) بکات بەو بەهانەیەی کەشەرع لەهەندێك هەلومەرجدا بۆی سەلماندووە جیابێتەوە، کەئەمە ئەوەمان لەلا دەچەسپێنێت ژن، ناچارە وردەوردە بەهەموو خراپی یان دژوارییەکی مێردی قایل بێتو داوای جیابوونەوە نەکات نەکا ببێت بە(أنتن من جيفة حمار)، کەدەشزانین شەرعی دووتوێی قورئان، ئەم مەسەلەیەی بەم بارەدا دانەڕشتووە. زیاد لەمەش، هزری سەلەفی، بۆ شکاندنی ژنو سووککردنی پێگەو هەڵکەوتی لەناو کۆمەڵدا، کردوویەتی بەهاوشانی شەیتان ئەوەش لەڕووی توانای بۆ لەداوخستنی پیاو وەکو لەم نموونانەی سوننەتدا بۆمان دەردەکەوێت کەفێرگەی فیقهی سەلەفی دوای بژارکردنی فەرموودە جۆربەجۆرەکان بۆیان جێگیرکردووین[٤]: (إنَّ المرأةَ تقبل فی صورة شيطان وتدبر فی صورة شيطان، فإذا رأى أحدكم إمرأة فليأتِ أهله فإن ذلك يرد ما في نفسه) یان (فالمرأة كالشيطان في الفتنة، فإذا رآها شخص فأعجَبَته فليجامع إمرأته فإنه يرد ميله) (التاج، ج٢، ص٣٣١). چونکە (ئەمەش بەلای فیقهی سەلەفیی هەڵبژاردەکارەوە ـ إنتقائي) لەبنەڕەتدا، ژن هەموو گیانی عەیبە (عورة)یە هەروەکو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود فەرموودەیەکمان لەزاری پێغەمبەرەوە بۆ دەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی: (إنّ المرأة

عورة، فإذا خرجت من بيتها استشرفها الشيطان، وإنّ أقرب ما تكون من رحمة ربّها وهي في عقر دارها)، هەر بۆیە فەرمانی قورئان وەهایە کەفەرمان بەخێزانەکانی پێغەمبەر دەکات: ﴿وَقَرنَ في بُيُوتِكُنَّ وَلا تَبَرَّجنَ تَبَرُّجَ ٱلجاهِلِيَّةِ ٱلأولى﴾(الأحزاب٣٣)و تەنانەت سنوور بۆ ژن دیاریکراوە کە لەڕێوباندا چۆن بەڕێدا بڕوات کە لەسوننەتدا هاتووە پێغەمبەر لەفەرموودەیەکیدا بەم ئاوایە ئامۆژگاریی ژنان دەکات: (إستأخرنَ فإنَّهُ لَيسَ لَكُنَّ أن تَحتَضِنَّ ٱلطَريق، عَلَيكُنَّ بِحافّاتِ الطَريقِ) کەئبن کثیر لەمیانەی ڕاڤەکردنی ئەم فەرموودەیەدا گوتوویەتی: (ئەوسا ژنان لەڕێوباندا شانبەشانی دیواردا ڕێیاندەکرد، تەنانەت کراسیان بەدیوارەوە دەنووسا)(مساهمة في حل أزمة العقل، ص١٣٥، ١٣٦) بۆیە ژن دەبێت ئەوەندە وریای خۆی بێت کەتەنانەت (وإذا قرع باب المرأة فينبغي لها أن لا تجيب بصوت رخيم، بل تغلظ صوتها بأن تجعل ظهر كفّها بفمها، وتجيب كذلك خوفاً من الفتنة)(نقلا عن الدميري. نظيرة زين الدين، السفور والحجاب، ص٢٣٨).

بەڵام وەکو دەزانین پەسەندیو دروستی بەراوردکاریو تۆژینەوە، لەنووسەر دەخوازێت کەبۆ سەلماندنی رایەك، پەنا بۆ زیاتر لەسەرچاوەیەك بەرێت، ئێمەش وەکو بۆمان دەرکەوتووە، ئەو سەرچاوەیەی پێشوو (مكارم الأخلاق) (کە بەناو فەرموودەکەی سوننەت دەربارەی تەڵاقی باییمان لێوەرگرت) ئەوەندە جێی باوەڕ نییە، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی مەزهەبی شیعەیە ، بەڵکو چونکە هەندێکی زانیاریو دەقە ئاینییەکان لەو سەرچاوەیەدا، خۆیان لەخۆیاندا جێی باوەڕ نین. وەکو دەشبینین لۆجێك، قسەی (فتكوني أنتَن من جيفَةِ حمار) ناسەلمێنێت، مەبەستیشمان لۆجیکی بواری فەرموودەناسییە کەناشێت ئەو قسەیە بەزاری کەسێکی وەك پێغەمبەردا بێت.

خۆ ئەگەر سەرچاوەکانیتری سوننەت (دەربارەی حوکمی تەڵاقی بایی) بپشکنین ئەنجامیترمان دەستدەکەوێت، وەکو ئەم دەقە: (أنَّ آمرأةَ ثابث ابن قيس أتت النبي ـ ص ـ فقالت : يا رسول الله، ثابت بن قيس ما أعيب عليه في خلق ولا دين، ولكني أكره الكفر في الإسلام. فقال رسول الله ـ ص: أتردّين عليه حديقته ؟ فقالت: نعم. فقال رسول الله ـ ص ـ : إقبَلِ الحديقة وطلّقها تطليقة. وفي رواية: أنَّ ثابت بن قيس كان دميماً، وأنَّ آمرأتَهُ

قالت: لولا مخافة الله إذا دَخَلَ عَلَيَّ لبصقت في وجهه.. ولأحمد من حديث سهل بن أبي حثمة: وكان ذلك أوَّل خُلع في الاسلام)(بلوغ المرام، ١٠٠٢ ـ ١٠٠٣/ ص٢٦٥ ـ ٢٦٦).

لەئەنجامی بەراوردكارییەكی خێرا بۆمان دەردەكەوێت كەجیاوازییەكی گەورە هەیە لەنێوان ئەم دوو دەقەدا كەبۆ یەك رووداوو یەك هەڵوێست وەرگرتنی شەرعی هێنراونەتەوە، كەیەكەمیان ژن دەكات بەكۆیلەی پیاو كەپێویستە چاوپۆشی لەهەموو خراپەیەكی پیاو بكات لەرەفتارو گوفتاردا، بەڵام دەقی دووەم، لۆجێكی دروستی پەیوەندیی نێوان هاوسەرانمان بۆ رووندەكاتەوە كەئەگەر ناتەبایی گەیشتە ئاستی لێكتر بێزران (لێرەدا مەبەستمان ئاستی پێش سەرهەڵدانی ـ نشوز- پشتهەڵكردنە لەنێوان ژنو مێرددا)، ئەوە پێویستە رێوشوێنی دروستی شەرعیی بگیرێتەبەر.

لەدەقی یەكەمدا ژنەكە، كەداوای جیابوونەوەی كردووە، پێغەمبەر ڕەخنەیەكی توندی لێگرتووەو لەكەلاكی بۆگەنی گوێدرێژ بۆگەنترى شوبهاندووە ئەگەر داوای جیابوونەوە بكات (هەروەكو گوتمان ئەمە لەبارێكدا ئەگەر ئەو دەقە راستودروست بێت)، بەڵام لەدەقی دووەمدا، پێویستە ژن، ئەو مارەییەی لەمێردی وەرگرتووە(كە بەپێی رووداوەكە، باخچەیەك بووە) بۆی بگێڕێتەوە. كەواتە ئێمە لێرەدا دوو بۆچوونو دوو تەئویل بۆ دەقو رووداوی ئاینی دەبینین: یەكێكیان ژن بەئاشكرا دەچەوسێنێتەوە، ئەوەیتر ئازادی پێدەبەخشێت، كەئێمە لەم بوارەدا كارمان بەچەندیەتیی رەوابوونی گێڕانەوەی مارەیی نییە ئەوەندەی مەبەستمان سوككردنی پێگەو كەسێتیو سەنگی ژنە بەناوی ئاینەوە لەدەقی یەكەمدا، ئینجا ماف پێدانیەتی لەدەقی دووەمدا كەهەردوو دەقیش لەدەوری یەك تەوەردا دەسووڕێنەوە ئەویش تەڵاقی بایی (الخلع)ـە.

هەرچەندە لێرەدا مەسەلەكە لەهەندێك روویەوە دەكێشێتەوەسەر داتاشینی دەق لەمیانەی راڤەو تەئویلدا كەشەرعناسی ناودارو دامەزرێنەری مەزهەبی حەنبەلی؛ ئەحمەدی كوڕی حەنبەل لەمیانەی پووچەڵكردنەوەی زۆر فەرموودەی سوننەت گوتوویەتی: (ثلاثة ليس فيها أصل: التفسير، والملاحم والمغازي) كەمەبەستی ئەوەبووە ئەو فەرموودانەی سوننەت كە لەمیانەی راڤەو تەئویلدا هێنراون دروست ـ صحیح ـ نین، بەڵكو تەنها ئەو فەرموودانە راستن كەهاوەڵانی پێغەمبەرو شوێنكەوتوانیان (التابعين) گێڕاویانەتەوە چونكە ئەوانە ناشێت هەڵە بكەن. بەڵام كاتێك فەقیهەكان

دەستیانکرد بەراڤەکردنی دەقەکانی قورئانو سوننەت ئەوە لەچەند زارێکەوە دەیانگێڕایەوە کەبۆ پاساودانی راڤەکەیان بوو، ئەمەش گومانی دەخستەسەر دروستیی فەرموودەکان (ضحى الإسلام، ج٢، ص١٤١). لەلایەکی ترەوە، لەناو ئەدەبیاتو سەرگوروشتە زارەکی و تۆمارکراوەکانی مێژووی ئیسلامدا (مەزهەبی شیعە بەتایبەتی) دەبینین جگە لەو سێ تەوەرەی سەرەوە (التفسیر، والملاحِم، والمَغازي) کەدامەزرێنەری مەزهەبی حەنبەلی ـ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل- بەبێ بناغەیان لەقەڵەمدەدات، دەڵێین ئەدەبیاتی کۆمەڵانی خەڵکی موسڵمان بایەخی زۆریان بەپێداهەڵدان بەشانوباڵی عەلی داوە . بەشێوەیەك کەگەیاندوویانەتە ریزی پاڵەوانی داستانەکان یان لەڕاستیدا خەرمانەیەکیان لەپاڵەوانیەتیی ناو داستانەکان بەدەوری کەسێتییەکەیدا کێشاوە بێئەوەی گوێبدەنە راستیی رووداوەکانو نەگونجانی پرۆسەی هەڵبەستنو پێداهەڵدانەکان لەگەڵ مێژوو و چۆنێتیی رووداوەکان هەروەکوچۆن ئەم بارە، پارسەنگی نەزانیی لەڕووداوەکان لای کۆمەڵانی خەڵکی سادە قورسکرد کە لەئەنجامدا تێڕوانیان بۆ چوارەم خەلیفەی موسڵمانان (عەلی کوڕی ئەبو تالب) ئەوەندە قەبەو گەورە کراوە کەهۆشی مرۆڤ وەریناگرێت مەگەر هۆشێك کە بەخەونو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی مێژوو بەو بارو ئاوایەی کەخۆی دەیەوێت، وەریبگرێت. ئەمەش لەڕاستیدا ئەنجامی وێناکردنی تیۆریستانی فیقهی شیعەیە لەناو دڵودەروونی پێڕەوە سادەکانیاندا کەوایان لێکردوون تاڕادەیەکی زۆر، رۆڵی خودی پێغەمبەر لەبڕیارو کردارە گرنگو چارەنووسسازەکاندا نەك هەر کەمبکەنەوە بەڵکو ئەو رۆڵە بەجارێك بسڕنەوە هەروەکو لەم سەرگوروشتەیەدا دەبینین کەباسی سەردەمی مێردمنداڵیی عەلی دەکات لەناو مەککەدا کاتێك لەگەڵ هاوەڵە میردمنداڵەکانیدا (لەمنداڵی موسڵمانان) یاریدەکرد، گوایە کوڕی خزمەتکار (سادن)ی کەعبە؛ عومەیرە بن ود ئەلعامری؛ کەئەویش لەگەڵ منداڵی کافرەکاندا (بەجیا) یاریدەکرد، لەدوای هەموو کایەیەکدا دەگەڕایەوە بۆ لای بتەکانی ناو کەعبەو کڕنووشی بەندایەتیی بۆیان دەبرد هەتا (بەپێی سەرگوروشتەکە)؛ عەلی کە ئەوکاتە منداڵ بوو دەستی کرد بەشکاندنی هەموو بتەکان. (عبدالحمید حنفي، غزوة الأحزاب، ص٤)، لەکاتێکدا هەموان دەزانینو بەپێی سەرچاوە پەیوەندارەکان کەپێغەمبەری ئیسلام، رۆژی ١٧ی رەمەزانی ساڵی هەشتی کۆچی؛ لەکاتی رزگارکردن

(فتح)ی مەككەدا؛ ئەو (٣٦٠) بتەی شكاند كە لەناو ماڵی خوا (كەعبە)دا بوون بڕوانە: (سيرة النبي، إبن هشام، ص٣٧). بەڵام فيقهی شيعە بەئەندازەيەك زيادەڕەوی دەكات كەدەسكەوتە مەزنەكان (لەو رووەوە) بۆ عەلی تۆماردەكات بێئەوەی گوێبداتە هيچ پێوانەيەكی بەدروست تۆماركردنی رووداوە مێژوو ـ ئاينييەكان، هەروەكو هەندێك تۆژەر دەربارەی كتێبی (نهج البلاغة) كەكۆكراوەی ژيانامەو وتەزاكانی ئيمامی عەلييەو سەرچاوەيەكی بايەخداری شيعە (هەروەها سوننەش)ـە دەربارەی رووداوەكانی قۆناغی خەليفايەتيی چوارەم خەليفەی راشدی عەلی كوڕی ئەبوتالب ،دەڵێين هەندێك تۆژەر كاتێك ئەم كتێبە دەخەنەبەر نەشتەری لێكۆڵينەوە؛ كەم تازۆر گومانی ئەوەيان لەلا خۆشدەبێت كە: (في الكتاب بعض العبارات في التعريض بالصحابة وهذا ما لا يمكن صدوره عن الإمام علي ـ ع ـ)(نهج البلاغة، ص٦) هەرچەندە لەم كتێبە داكەسەرچاوەيەكی سەرەكی بيری شيعە گەرييە، زۆر ئەفسانەو قسەی تێدايە لەبارەی عەلی يەوە كەناشێت مرۆڤێك هەبوو بێت ئەم شتانەی زانيبێتوتوتنيبێت.( بڕوانە س. پ، ل٦)، چونكە ئەگەر بەپێی فەرموودەی سوننەت: (إنَّما أهلُ بَيتی مِثل سَفينَةَ نوح مَن رَكبها نَجا ومَن تَخَلَّفَ غَرق)(السيد محمد باقر الحكيم، مجلة رسالة الثقلين، عدد٢٢، ص٣٦، كە ئەلحەكيم؛ ئەم دەقەی لە: كنز العمَّال، ٦: ٢١٦ وەرگرتووە) ئەوە ئەگەر هەمووە موسڵمانان شيعە نەبن ئەوە رزگارييان نابێت، هەروەها عەلی؛ دووبارە بەپێی دەقێكی سوننەت كۆڵەكەی ئالوبەيتە (قال الرَّسول الكريم ـ ص: أنا سَيِّد النَّبِيِّين، وعَلي بن أبي طالب سَيِّد الوَصِيِّين، وأنَّ أوصيائي بَعدي إثنا عَشَرَ أوَّلُهُم عَلي بن أبي طالب وآخرهم القائم)(س.پ، ل١٢٨) كەوەكو دەبينين؛ پيرۆزييەكە تێپەڕيوە هەتا دوازەهەمين ئيماميشی گرتۆتەوە كە لە(غَيبَة)دايە، ئينجا شتێكی ئاسايی دەبێت كەپانتايی پيرۆزييەكە لەهزری كۆمەڵانی موسڵمانی شيعە مەزهەبدا ئەوەندە فراوان بێتەوە كەهەتا بێت دەقێتر ببن بەسەربارو لەگەڵياندا پانتايی پيرۆزييەكان فراوانتر بن . لەگێڕانەوەيەكی تريشدا (لَقَد كانَ رَسول الله ـ ص ـ يَعطيه الرَّايَة فَيُقاتِل جِبريل عَن يَمينه، وَميكائيل عَن يَساره)(س.پ، ناصر الباقري، أهل البيت في روايات الصحابة، ص ٢٠٥ ـ ٢٠٦)، ئنجا هەر ئەم هزرەش بەلايەوە ئاسايی دەبێت كەتەنانەت ئيمامەكانی لەلايەن خواوە ناوزەدكرابن. كەئەم دەقە، بنەماڵەی پێغەمبەر ؛ بەشێوەو رادەيەك لەگەڵ پەيامە پيرۆزە خواييەكەدا هاوسانو يەكسان

دەکات کە لەگەڵ قورئاندا لەتای یەك تەرازوودا رایدەگرێت، کەئەمە وادەکات موسڵمانی راستەقینە، هەروەکوچۆن باوەڕی بەوردودرشتی پەیامی ئیسلام هەیە، پێویستە بەهەمان ئەندازە بڕوای بەبنەماڵەی پێغەمبەریش هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەواندا؛ لەئەودنیادا لەسەر حەوزەکەی بەهەشت بەدیداری یەکتر شادبنەوە.. دەنا، ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو ڕێبازە دەگرنەبەر کەهەروەکو لەمێژووی سیاسیی دەوڵەتی ئیسلامدا؛ لەدوای کوژرانی چوارەم خەلیفەی راشدی؛ عەلی کوڕی ئەبوتالب بەشێکی زۆری موسڵمانان، نەك هەر چێچەوانەی ئەو ڕێبازەیان گرت (وەکو لایەنگیریی سیاسی) بەڵکو بەهاندانی خەلیفەو فەرماندارە سوننە مەزهەبەکان قەلاچۆشیان دەکردن!

خۆ ئەگەر بەتانوپۆی ئەم تێزو هزرەدا بچین بۆمان دەردەکەوێت کەئەو وێناکردنە گەلییانەی کەدەرەنجامی رەوتی مێژوویی بوون نەك دەق؛ تا چ ئەندازەیەك هۆشی خەڵکی سادەی موسڵمانی تێکداوە کاتێك ئەو هزرە وایکردووە نەك تەنها مافی خیلافەتی ئیسلامی بەباڵای عەلیدا بڕاوە (مەبەستمان ئەوە نییە کەئێمە لەگەڵ ئەوتێزو هزرەدا نین چونکە ئەوە کێشەیەکە تا ئەمڕۆش بیریارانی هەردوو مەزهەبی سەرکیی ئیسلام ـ سوننەو شیعە ـ یەکلایان نەکردۆتەوەو هەر لایەکیان بەپێوانەی خۆی کێشەکە تاوتوێدەکات) بەڵکو بەشێکی گیان (رۆح)ی خوای، خواش ئاوێتەی گیانو جەستەی ئەو زاتە گەورەیە دەکات کەخۆی لەوە بێبەرییە (وأحدَثَ أبن سبأ القول بوصيَّة رسول الله ـ ص ـ لِعَليّ بالإمامة من بعد موته، فهو وصي رسول الله ـ ص ـ وخليفته على أُمَّتهمن بعده بالنص، وأحدَثَ القول برجعة علي بعد موته الى الدُّنيا وبرجعة رسول الله ـ ص ـ أيضاً، وزعم أنَّ عليّاً لم يُقتَل، وأنَّهُ حَي، وأنَّ فيه الجُّزء الإلهي، وأنَّهُ هوَ الَّذي يجيء في السَّحاب، وأنَّ الرَّعد صَوتهُ، والبَرق سَوطهُ، وأنَّهُ لابُدَّ أن ينزلالى الأرض فيملأها عدلاً كما مُلئَت جوراً(..) وعنهُ أخذوا أيضاً القول بأنَّ الجُزء الإلهي يحل في الأئمَّة بعد علي بن أبي طالب وأنَّهُم بذلكَ استَحَقُّوا الإمامة بطريق الوجوب كما استَحَقَّ آدَم عليه السَّلام سجود الملائكة)(تاريخ الفِرق، علي الغرابي، ص١٧. نقلاً عن المقريزي في كتابه: الخطط، ج٤، ص٨٢).

بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم بەڵگەو راستییانە؛ دەتوانین بڵێین کەئەم چەواشەکردنەی مێژوو هەروەها قورسکردنی پارسەنگی بیروباوەڕی نادروست،

لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی زیندووكردنەوەی رابردووی تێكشكاو بەو ئاوایەی كەنەوەكان ئەمڕۆ دەیانەوێت، واتە بەردەوامیدامە بەو ئێستایەی كە لەسەر داروپەردووی رابردوویەكدا دروستبووە ئاواتی ئەو گرووپەی نەهێناوەتەدی كەلەو نموونەیەی سەرەوەدا بینیمان رابردوو لەگەڵ ئێستای شیعەدا رێكدەهێنرێتەوە كەدەیەوێت لەڕێی دەمارگیریی مەزهەبییەوە (نەك دەمارگیریی خێڵەكی) شانازی بەڕابردووی گرووپەكەی بدات ئەمەش لەڕێی ئامادەكردنو بەرجەستەكردن (إستِحضار)ی رابردووەوە دەبێت لەئێستادا كەئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی دەستەپاچەبوونی خودە (دیارە دوای كۆتوپێوەندكردنی هزر ئینجا داماڵینی توانستە لەئیرادە) هەر بۆیە ئەم خودە، لەدەستی ئێستای هەڵدێتو پەنا بۆ رایردوو دەبات (العصبية، عبدالعزيز قباني، ص٢٣) كەئەمەش نیشانەو بەڵگەی نامۆبوونەو لەئەنجامدا؛ بەناوی كەلەپووری نەتەوەیو ئاینی (مەزهەبی)یەوە هەمیشە رابردوو كاوێژدەكاتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە سەرنجدەدەین كەشیعە، لەڕۆژی نەهامەتییە گەورەكەیانەوە (كە لەڕاستیدا نەهامەتیی هەموو موسڵمانێك بوو) كەتێیدا حسەینی كوڕی عەلیی كوڕی ئەبوتالب شەهیدكرا، ساڵانە بەشینو واوەیلا ئەو كارەساتە یاد دەكەنەوە بێئەوەی بتوانن (یان توانیبێتیان) لەو رووەوە شێك بەشتێك بكەن!

لەئەنجامی ئەم تاوتوێكردنو بەراوردكارییە؛ ئەو جیاكارییە گەورەیەمان بەرچاودەكەوێت لەنێوان ئاینێك كە لەناو خەڵكی بێسەواددا بڵاوە، لەگەڵ ئاینێك وەكو دەق رەسەنایەتی پێوە دیارە. واتە لەنێوان ئاینێك بەدەقو چەمكی داتاشراو موتوربەكراوە؛ لەگەڵ ئاینێك كەپارێزگاریی لەرەسەنایەتیی خۆی كردووە. بۆیە لەكوردەواریی خۆماندا بیستوومانە كە لەناوچەی(..) ژنێك داوای جیابوونەوەی لەهاوسەری كردووە، بەڵام مێردەكە، لەبری ئەو مارەییەی بەژنەكەی دابوو، داوای تەنەكەیەك پیسایی لێكردبوو كەبۆی بێنێت بۆ ئەوەی تەڵاقی بدات. ئەمەش كاریگەریی دەقە شێواوەكەی سوننەتە كە لەناو خەڵكی بێسەواددا بڵاوەو ژن هێندە بەكەمو سووك سەیردەكات كەشایەنی ئەو مافە نییە، با لەسەر هەقیش بێت. چونكە نە دەقە رەسەنەكە (رووداوی داواكردنی ئەو ژنەی مێردەكەی بەدڵ نەبوو و حوكمەكەی پێغەمبەر بەگەڕاندنەوەی بڕی مارەییەكە - زیاتر نا - بۆ پیاوەكە)

نەحوکمەکەی بەو شێوەیە نەهاتووە. واتە جیاوازیی ئاسمانورِێسمان لەنێوان تیۆر ـ دەق لەگەڵ جێبەجێکردنیدا هەیە لەواقعیدا.

وەکو دەشزانین چەندین کۆمەڵ هەیە کەژن، وەکو بوونەوەرێکی عەقڵ نوقستان سەیردەکاتو لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئنجا پراکتیزەکردنی ئەم بۆچوونە لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکیتر جیاوازی هەیە کەپەیوەندی بەعەقڵو هۆشو کەلتوورەوە نییە ئەوەندەی پەیوەندی بەزاڵدەستیی پیاوەوە هەیە بەسەر ژنەوە (کەئەمەش دەرەنجامی کەلتوورو جێماوی کۆمەلایەتییە) ئەوەش بەپێی بارگاویکردنی رەفتارو مامەڵەی رۆژانە بەدەقە ئاینییەکان (چ رەسەن بن چ داتاشراو) کەئەمانە رێگری لێدەکەن (لەپیاو) بۆ ئەنجامدانی هەندێك کاروبار یان هەنگاو نەکا ئەو رێوشوێنو هەنگاوانە، داوێنپیسییان لێبکەوێتەوە کە بەلایانەوە ژن، هۆشی کورتی (نوقستانیی عەقلّی) ئەوەندە برِناکات کەچاکو خراپی ئەو مەسەلەیە لێکجیابکاتەوە.

ئەو هەلومەرجە دژوارەی ژنی تێکەوتووە، هەرچەندە لاوازیی جەستەیی ژن وەك پێکهاتەی سروشتیی خۆی، کاریگەری هەبووە بۆ هەژموونی زاڵدەستبوونی پیاو بەسەریەوە، بەلاٍم لەهەمانکاتدا لەخۆرِازیبوونی پیاو بەتوانا جەستەییەکانی، وایکرد سنووری پەیوەندییە مرۆییەکان ببەزێنێتو ببێت بەیەکەم چەوسێنەری ئەو بوونەوەرەی لەراستیدا، تەواوکەری ئەوە وەکو پیاو، کە بەبێ ئەوی ژن، نەك هەر نایکرێت بەڵکو تەواو(کامل)یش نابێتو تایبەتمەندییە رەگەزییەکانی بەهیچ نابن، هەروەها ژنیش لەلای خۆیەوە بەبێ پیاو، بوونەوەرێکی تەواو نابێت.

باسوخواس لەم بارەیەوە نەك هەر زۆرەو دوایی نایەت، بەڵکو بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وشە بنووسرێتو رووپەرِ رەشبکرێتەوە بەشی ناکات، چونکە سەرانسەری ئەم مێژووە، لەسنووری خێزانو پەیوەندیی نێوان ژنو پیاو، چەوسانەوەی لەخۆی گرتووە. کەئەمەش دەڵێین ئایا دەشێ بگوترێت ئیدی قسە لەسەرکردنو دەربارە نووسین، کەڵکی چی دەگرێت؟ ئەڵبەت لەم مێژوودا، ئەگەر کەسانێکی دڵسۆزو خەمخۆر قسەیان دژی رێوشوێنەکانی چەوساندنەوەی ژن نەکردایە ئەوە ئەمرِۆ، هەلومەرجی ژن لەئێستای زۆر دژوارتر دەبوو.. کەواتە پێویستە لەسەرمان(بەژنو پیاوەوە) لەداکۆکیکردن لەژن نەوەستین، چونکە ئەمە، بۆ ئێمەی پیاو، داکۆکیکردنە

لەخۆشمان، کە بەنەزانیمان، بووینەتە چەوسێنەری نیوەی خۆمان کەژنە، یان ئەمە هەوڵدانە بۆ پاككردنەوەی گوناهەکانمان، ئەویش ئەگەر نەڵێین تاوانەکانمان.

بۆ نموونە رۆیشتنی ژن بۆ گەرماوی بازاڕ، کەلای رۆمانییە کۆنەکان ژن، ئەگەر برۆیشتایە بۆ گەرماوی بازاڕ ئەوە مێردەکەی بۆی هەبوو تەلاقی بدات، لەکاتێکدا شەرعی ئاینی ئیسلام (دەقی سوننەت نەك قورئان) ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی‌تر دادەڕێژێتو بەمەبەستی پاراستنی ئابڕووی مرۆڤ رێوشوێنی ئەو خۆپاراستنەی دیاریکردووە کەتەنانەت لەپیاویشی قەدەغەکردووە لەگەرماودا بەرووتی خۆی بشوات ئەمەش بەحوکمی فەرموودەیەکی سوننەت کە بەپێی سەرچاوەکان، پێغەمبەر، پیاوێکی بینیوە لەچۆڵییەکدا بەرووتی خۆی شۆردووە، پێغەمبەر کەگەڕاوەتەوە چۆتەسەر مینبەرو لەوتارێکدا فەرموویەتی(فإذا آغتسل أحَدكم فَلْيَتَسَتَّر) (التاج، ج ١، ص١١٣). کەواتە ئەگەر ئەم حوکمە بۆ پیاو، لەچۆڵەوانیدا، پێڕەو بکرێت، ئەدی دەربارەی ژن چی گوترابێت؟ (عن عائشة أنَّ رسول الله ـ ص ـ نَهى عَن دُخُولِ آلحَمَّاماتِ ثُمَّ رَخَّصَ للرِّجالِ أن يَدخُلوها في آلمَيازِر) (س.پ)، کەواتە تەنها رێگە بەپیاوان دراوە بۆ خۆشۆردن بچنە گەرماوی دەرەوە بەمەرجێك بەکراسی ئاودامانەوە خۆیان بشۆن (کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا پەشتەماڵ دەگرێتەوە)، دەنا بۆ ژنان قەدەغەیە.

لێرەدا بەهانەی یاساداڕێژەر (پێغەمبەر) بۆ قەدەغەکردنی ژن بۆ چوونە گەرماو ئەوەیە ژن لەگەرماودا، کەهەرخۆیان دەبن گوێنادەنە خۆداپۆشین، زیاد لەوەش لاف بەجوانیو نازداریی لەشیان لێدەدەن لەکاتێکدا هەموو جێیەکی لەشی ژن، عەیبە(عورة)یە هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. وەك سەرنجیشدەدەین ئەم فەرموودەیە، کەهاتووە پێغەمبەر ئاگاداری ئەوەبووە کە(إنَّها سَتُفتَح لَكُم أرض العجم، وَسَتَجِدون فيها بُيُوتاً يُقالُ لَها الحمّامات، فلا يَدخُلَنّها آلرِّجال إلاّ بالأُزر وَامنَعوها آلنِّساء إلاَّ مريضةً أو نَفساء)(س. پ).

لەئەنجامی ئەم دەقانەی سەرەوەو حوکمی ئەو دەقانەی سەپێنراون، بۆمان دەردەکەوێت کەمەبەست پاراستنی ئابڕووە نەك شتی‌تر. جگەلەوەی کەخۆ رووتکردنی ژن لەگەرماودا، دەشێت بەهۆیەوە ژنێك، کەلەشولاری ناقۆڵابێت یان جوانییەکی وا لەخۆیدا نەبینێت، بەڵام بەهۆی بینینی لەشولاری لەباری ژنێکی

لەخۆی جوانتر، دڵی لەخۆی دابمێنێتو ئەمەی لێ ببێت بەگرێ، کە لەئەنجامدا گیرۆدەی نەخۆشیی دەروونیی بێتو هەست بەکەموکورتی بکات. کەئەم دەقە؛ هەم وانەیەکی ئاکارەتی لەخۆی دەگرێت، هەم وانەیەکی سایکۆلۆجی .. نەك شتیتر.

ئەمە ئەگەر حوکمێك بێت دەربارەی رەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ کەمۆرێکی ئاکارەتی (أخلاقي)ی پێوەیە، بەلام لەلایەکیترەوە هەندێك هەڵسوکەوتی زەق دەبینین کەچەوساندنەوەیەکی راستەوخۆی دژی ژن پێوە دیارە هەروەکو لەزەماوەندی ژن بەژندا دەیبینین کە بەپێی سەرچاوە ئاینییەکانیی ئیسلام، پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، ژن بەژن بەو شێوەیە باوبووە کەهیچ بەهایەك بۆ کەسێتیی ژن (وەکو بوونەوەر ئنجا مرۆڤ) دانەنراوە، بۆیە لەفەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە کە(لا شغار فی الإسلام)(التاج، ج٢، ص٣٣٤). سەرنجدەدەین مەبەست لە(شغار) نەبوونی مارەییە، چونکە (ألشغار أن يُزَوِّج الرَّجل إبنتة على أن يزوجه الآخر إبنتة ليس بينهما صداق .. والشغار أن يقول الرجل للرجل: زوجنی إبنتك وأزوجك ابنتى أو زوجنى أختك وأزوجك أختى) (س.پ). ئەمجۆرە زەماوەندەش وابووە کەدوو پیاو، کچ یان خوشك یان ئامۆزای خۆیان بەیەکتر دەدا بەبێئەوەی مارەیی هیچ کام لەهاوسەرەکان دیاریبکەن، یان لەبنەڕەتەوە مارەیی دانەدەنرا. واتە مافی بەکارهێنانو حەلاڵکردنی (إستحلال الفرج)ی ناوگیانی ژنەکان دەبوو بەمارەیی، بەواتایەکیتر پیاو، ناوگیانی کچ یان خوشك یان ئامۆزای خۆی وەکو مارەیی، بەپیاوەکەیتر دەبەخشی، ئەوەیتریش بەهەمان شێوە. ئەم رێوشوێنە دوورە لەهەر نەریتێکی مرۆییو لەکۆتاییدا ئاینی ئیسلامیش ئەمجۆرە پەیوەندی بەستنەی بۆ زەماوەند، بەپێی دەقە پەیوەندارەکانی قورئانو سوننەت، رەتکردۆتەوە. خۆ ئەگەر ئەمڕۆ لەکۆمەڵی کوردەواریدا (دەڵێین بەزۆری نەك بەرەهایی) ئەم دیاردەی ژن بەژنە بەشێوەیەکیتر ببینین کەتێیدا هەردوولا زێڕو ناوماڵ بۆ بووکی بەرامبەر دەکەن، بەلام دووبارە پرۆسەکە، پەردەپۆشکراوە، چونکە هەموو کەلوپەلەکانو بڕی مارەیی، ئەوەندەی یەکن بۆ هەردوو بووك، واتە هەرچەندە ناوی مارەیی دەبرێت، بەلام کەمو زیادکردنی نییە. ئەمەش لەئەنجامدا دەکاتەوە ئەوەی کەهەردوولا، لەشی کچی یەکتر، بەیەکتردەدەن! هەرچەندە لای پێڕەوانی مەزهەبی حەنەفیو لای

سوفیانی سەوری (١٦١ك مردووە)، ئەم زەماوەندە شیاوە بەڵام كەراهەتی هەیە (س.پ)، كەئەمەش باسێكیترەو لێرەدا جێی نابێتەوە.

نموونەیەكیتر دەربارەی یاریكردن بەچارەنووسی ژن، مەسەلەی(تحلیل)ـە كە لەكوردەواریدا ناوی بە(مارە بەجاش) دەبرێت كەدەكرێت بەدزێوترین دیاردەی كۆمەڵایەتی لەقەڵەمبدەین هەرچەندە ئێستا لای خۆمان زۆر بەكەمی ئەنجامدەدرێت. هەمووشمان دەزانین پرۆسەی مارە بەجاش وایە ئەگەر پیاوێك هاوسەری خۆی، سێبەسێ تەڵاقدا، ئەوە بەمەبەستی گێڕانەوەی بۆ لای خۆی(ئەمەش بەو ناوەوە گوایە بەپێی شەرع، ئەو ژنە بكاتەوە بەهاوسەری خۆی)، لەگەڵ پیاوێكدا رێكدەكەوێت كەئەو ژنە بێنێتو دوایی تەڵاقیبدات بۆئەوەی ئەم بتوانێت بیهێنێتەوە! لێرەدا ئەم رێوشوێنە، ژن وەكو كاڵایەكی سێكسواڵ سەیردەكات هیچیتر نا، چونكە ئەو ژنە، لەماوەی شەوو رۆژێكدا، كەمتر یان زیاتر، بێئەوەی دەسەڵاتی هیچی هەبێت، باوەشی دوو پیاو دەبینێت (سێكسی لەگەڵدا دەكرێت)، جارێك تەڵاقدراوە ئنجا مارە دەبڕدرێت، جارێكیتریش تەڵاقدەدرێت ئنجا مارەی دەبڕدرێتەوە. بەواتایەكیتر، ژنێك ئەمڕۆ تەڵاقدەدرێت، سەرلەئێوارە زەلامێك پەیداكراوەو لێی مارەكراوە، ئەویش بۆ شەو دەچێتەلایو سێكسی لەگەڵدادەكات، بۆ بەیانیش تەڵاقیدەداتو كۆنەمێردەكە مارەی دەكاتەوەو بۆ شەو دەچێتەلای .. بڕوانە ئەم گاڵتەجاڕیو بەسووك هەڵسەنگاندنی ژن بكە!

ئەم رێوشوێنە هی سەردەمی جاهلییە كە لەگەڵ فتووحاتی ئیسلامیدا گەیشتە كوردەواری، هەرچەندە ئاینی ئیسلام بەدەقی سوننەت قەدەغەیكردووە(لعن الله المحلل والمحلل له)(الفقه الإسلامي، ج٩، ص٦٦١١).

لێرەدا پێویستە بڵێین كە لەڕاستیدا هزری سەلەفی، پشتگیریی لەمجۆرە زەماوەندە نەكردووە، بەڵام داخستنی دەرگای ئیجتیهاد (هەروەكو پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد) وایكرد عەقڵی ئیسلامی دۆگمابێتو لەئەنجامدا رێوشوێنە دزێوو ناشەرعییەكانی ناو هزری ئاینی گەلی، سەرهەڵبداتو جێگیربێت ئینجا بەبڵاوی تەشەنەبكات كەهەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.

ئەوەی پێویستیشە لەم میانەیەدا بگوترێت ئەوەیە كەئەم بەراوردكردنو هەڵسەنگاندنەی دەقە جیاجیاكانی سوننەت[٥] بۆ رەخنەگرتن نییە لەئیسلام وەكو

ئاین‌و دەقی خوایی (وەحی ـ قورئان) یان سوننەت (پێڕەوی ژیانی رۆژانەو فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام)، ئەوەندەی هەڵسەنگاندنی داڕمانی مێژووی مامەڵەکردنە لەگەڵ سەرجەم دەقەکاندا لەدوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری ئیسلام (رۆژی دووشەممە- رێکەوتی ٢١ی مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ١١ك کۆچی دوایی کردووە) هەتا ئەمڕۆ.

بۆیە لەئەنجامدا دەبینین کەژن، لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، گیرۆدەی زنجیرەیەك کۆتوپێوەندی قورس‌و باوی دۆگمای کۆمەڵایەتی بووە کەهەر لەو ساتەوەی وەکو (مێ) لەدایکدەبێت هەتا ئەو رۆژەی (ئەگەر تەمەن بکات) بەپرچی سپییەوە دەنرێتە گۆڕ، واتە لەگۆڕێکی کراوەوە دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕێکی داخراو (چ شوویکردبێت چ بەکچیی مابێتەوە) تەنها سەرچاوەیەکی سێکس‌و ئامێرێکی بەرهەمهێنەری منداڵ (کۆمەڵ حوکمیشی لێدەکات کەلەم دوو بوارەدا بەتایبەتی، زۆر چوست‌وچالاك بێت چونکە بەژن ـ مێ دروستکراوە)و بۆ پەروەردەکردنی منداڵ‌و نەوەکان هەروەها بۆ خزمەتکردنی پیاو ژمێردراوە.

شارەزایانی بواری شەرع‌و کۆمەڵناسی‌و مرۆناسی جەختدەکەن لەسەر ئەوەی کەئەم رەوشە نالەبارەی ژن بەدەست پیاوو کۆمەڵەوە، تەنهاوتەنها تایبەت نییە بەکۆمەڵی رۆژهەڵاتی بەگشتی‌و ئیسلامی بەتایبەتی، چونکە وەك دەزانین ئاینی ئیسلام دوا ئاینی ئاسمانییە کەزۆر دەق‌و رێوشوێنی ئاینیی پێش خۆی پووچەڵ(نسخ)کردۆتەوەو راستکردۆتەوەو بمانەوێت‌و نەمانەوێت، بەپێی ئەو قۆناغەی تێیدا سەریهەڵدا، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌و مرۆیی هەمەلایەنەی وای خوڵقاند کەزۆر لەبەها کۆن‌و باوەکانی پێش خۆی پووچەڵکردەوەو بناغە گەندەڵەکانی داڕزانی ئاکارەتیی کۆمەڵی لێکترازاندو بەپێی حوکمە جۆربەجۆرو گشتگیرەکانی، گەندەڵی‌و لادانەکانی (بەپێی رێنماییە ئاسمانییەکان) قەدەغەکردو پێڕەوکردنیانی بەحەرام ژماردو ئەوەی پێڕەویان بکات بەگوناهبار ژمارد وەك: ژن بەژن (الشغار)، زیندەبەچاڵکردنی کچ (الوأد) هەروەها بۆ کوڕیش کە لەتاو برسیەتی زیندەبەچاڵدەکرا، مارەبەجاش (التحلیل)، داوێنپیسی‌و زیناگەری (البغاء والزنا) بەهەموو جۆرێکیەوە، زەماوەندی نێوان کەسانی بەیەکتر مەحرەم (زواج المحارم)، فرەمێردی (تعدد الأزواج)، هاوسەرگۆڕین (تبادل الأزواج)، ریگەدان بەهاوسەر (ژن)

سك لەپیاوێکیتر (إستبضاع) بکاتو زۆر دیاردەیتری دوور لەبەها رەسەنە مرۆییەکان کە لەسۆنگەی ناقۆلاییو قێزەونییان، خەڵکی ئەو سەردەمانەش کەم تا زۆر بەچاوێکی خراپەوە هەڵیاندەسەنگاندنو بەدەگمەن پێڕەودەکران[٦].
بەپێویستیشی دەزانین بۆ پێشگیریکردن لەوانەی بیریان بۆ ئەوە دەچێت ئاینی ئیسلام، فرەمێردی قەدەغەکردووە کەچی لەبەرامبەردا فرەژنی سەلماندووە، دەڵێین فرەژنی لەئیسلامدا مەرجی دیاریکراوی شەرعیی خۆی هەیەو بەو شێوەیە رەها نییە کەخەڵکی نەفام لێی تێدەگەنو پێڕەوی دەکەن.
ئێمە لێرەدا دەمانەوێت دیالۆگێکی بوێرو راستەوخۆ لەنێوان چینو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواری بسازێنین بۆ راستکردنەوەی باری لاری خێزان، کەخۆی لەو ناهاوسەنگییەدا دەبینێتەوە کە لەنێوان ژنو پیاودایە، ئەو ناهاوسەنگییەی کەژنو پیاو، بەخۆیان دەستیان لەدالەنگینو تێکچوونیدا هەیە .. با لەنەزانی یان نەشارەزاییان بێت. وەکو دەشزانین کۆمەڵ، بەپێی جیاوازیی کەلتووریی باوو تایبەتمەندییەکانی هەر چینو توێژێك؛ کە بەپێی تێگەیشتنو باری سەرنجو بەرژەوەندییەکانی خۆی، دەقە ئاینییەکانو کەلتوور وردەکاتەوەو وەریدەگرێت، هەروەها لەبەرئەوەی هەموو ئەندامانی هەر کۆمەڵێك (با خاوەنی شارستانییەتییەکی پێشکوتووش بێت) وەکو پێویست نە زیرەکی تەواون نە خوێندەواری تەواویشن، شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەهەموو خوێندەوارەکانیش وەکو پێویست زیرەك نین، بۆیە پێویستە بەزمانێك لەگەڵ کۆمەڵدا بدوێین کە لەلالەیەکەوە ئەوانەی بەزیرەك دەژمێردرێنو هۆشیان بەزۆر رەوتو قۆناغو گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیو کەلتووری دەشکێت بێنینە قسەو زیاد لەوە دەنگیان لەئاست دیاردە دژوارو نابەجێو ناڕەواکان بەرزبکەنەوەو بەکردەوە بێنە کۆڕی خەبات دژی ئەو چەوتیو ناهەقیو زۆرداریيانەی تەنانەت خۆیشیان دەیکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەو خوێندەوارە کاڵفامانەش داچڵەکێنین کەهۆشو هزریان بەکەلتووری نادروست دۆگمابووەو بیانهێنینە قسە دەربارەی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی بەیوەندییان بەژیانی خۆیشیانەوە هەیەو ئاسمانی خێزانیانی بەرەنگێکی خۆڵەمێشی رەنگاندووە لەکاتێکدا خۆیان، بەحوکمی خوێندەوارییەکەیان؛ یان ئەو هۆشیاریو رۆشنبیرییەی هەیانە؛ بەرەنگینو درەوشاوەی تێدەگەن هەروەکوچۆن لافی کۆمەڵی مەدەنیو بەدیهێنانی مافی ژنانو بەرەنگاریکردنی

چەوساندنەوەی ژنانو تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی یاسا پەیوەندارەکان بەکاروباری خێزان لێدەدەن، کەچی خۆیان زیاتر لەهاوسەرێکیان هەیەو تەنانەت بۆ فرەژنی، مەسەلەی تەمەنیشیان رەچاونەکردووەو (ژنە تازەکانیان) لەتەمەنی کچەکانیاندان!

کەواتە مەبەستمان ئەوەیە بەهەمووومان، دەستدرێژیی هەردوو گرووپ، خوێندەوارو نەخوێندەوار، بێسەوادو تێیگەیشتوو، ئینجا هۆشیارو رۆشنبیرەکان لەسەر ژن ـ دایك ـ خوشك ـ کچیان هەڵگرنو سەرلەنوێ، لەروانگەیەکی هەقخوازو مرۆڤدۆستانەی رۆنراو لەسەر بنەما دروستو شەرعییەکانی دەقە ئاینییە ئیجتیهاد لەسەر کراوەکانو لەگەڵ واقیعی سەردەمو ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا گونجێنراوەکان، پرۆسەیەکی مرۆڤاندنی ژیانی هاوچەرخ دەستپێبکەینەوە.

## گوتاری هاوچەرخی ئیسلامیو سەلەفییەت

بەر لەهەموو شتێك بەپێویستی دەزانین بڵێین کەدۆگمابوونی ئاین لای خەڵکی سەلەفی (ئەگەر بشێت ئەم واژەیە بەکاربێنین)، سەرچاوەی لەخۆبەستنەوە (دەقگرتن) بەسەردەمی بەرایی دابەزینی وەحی گرتووە (دیارە ئەمە بەنیسبەت هەموو ئاینێك دەڵێین نەك مەبەستمان بەتەنها ئاینی ئیسلام بێت) کاتێك جیاوازی لەدەربڕینی بیروڕادا نەبووەو پرشنگی دەقە ئاینییەکان؛ بەهۆی دابەزینیان لەجێدا هەروەها ئامادەگیی پێغەمبەرەکانو تێکەڵبوونو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پێڕەوکارو شوێنکەوتوانیاندا، دڵو هۆشو بیری بڕوادارانیان بەتەواوی داگرتبۆوە. بەواتایەکیتر، ئەو دەمانە مەسەلەی ماڵوسامانو پلەوپایە (وەکو قۆناغەکانی پاشتر) لەئارادا نەبووەو لەئەنجامدا ئەو فاکتەرانە لەگۆڕێدا نەبوون کەبڕواداران بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لەرەوتو مەبەستی راڤەو جیاوازیی لەتەئویلدا ناکۆك بن، ئینجا بەرژەوەندییە دونیاییو ئەودونیاییەکان هێشتا یەك بوون. بەڵام بەتێپەڕبوونی رۆژگار؛ بەرژەوەندیی دونیایی (الدنيوي) بەسەر پاداشتی ئەودونیا (الأخروي)دا زاڵبوو و جێگەی بەپرنسیپەکانی لەفکرد بۆیە کەسی سەلەفی؛ لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو بارە، بەوپەڕی توانایەوە هەوڵیداوەو هەوڵدەدات لەقۆناغی بەرایی دابەزینی دەقدا بژی بۆیە لەئەنجامدا (هەمیشە) لەواقیعی سەردەمەکەی دادەبڕێت، بێئەوەی بتوانێت هەنگاوە شەرعییەکانی درێژەدان بەکاریگەریی رۆحی دەق جێبەجێبکات تا

وابکات دەق؛ بێئەوەی جەوهەرە خواییەکەی لەدەستبدات؛ لەگەڵ مرۆڤی سەردەمدا بژی، یان مرۆڤی سەردەم لەگەڵ دەقدا بژی ئەوەش بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانی سەردەم بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی دابەزینی وەحیدا. دیارترین بەڵگەش گەلی جوولوکەیە (بني إسرائيل) کەتا ئێستا لەقۆناغی سوڕگومی بابلی (السبي البابلي)دا دەژین‌و هەموو ڕێوشوێنەکانی پەرستشکاریی جوولەکە ئەمە دەسەلمێنن کەپێڕەوانیان، ئێستاش سەردەم‌و قۆناغی دابەزینی وەحی بۆ مووسا دەژین بەهەموو تێزە ڕەگەزپەرستییەکانیەوە کەخۆیان (جوولەکە) بەگەلی هەڵبژاردەی خوا دەژمێرن‌و باقی گەلانی‌تری جیهان (غوییم) لەخوارووی ئاستی نۆکەرو دەستوپێوەندن.

شەرعناسانی سەردەم‌و ڕۆشنفکرانی بواری تۆژینەوە ئاینییەکان جەختدەکەن لەسەر ئەوەی کەگورزی کەمەرشکێنی هزری ئیسلامی، داخستنی دەرگای ئیجتیهادبوو، ئینجا خەڵکی هاندران کە بەپێی باری تێگەیشتن‌و بەرژەوەندییان‌و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتییان، بچنەسەر یەکێك لەمەزهەبە باوەکان. قۆناغی ڕاگرتنی پرۆسەی ئیجتیهادکردن لەسەدەی چواری کۆچیدا دەستی پێکرد کاتێك زانایانی ئاینی‌و شەرعناسانی ئەو قۆناغەی ئیسلام، پشتیان لەئیجتیهادکردن ساردبۆوەو چیتر نەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکانی شەرع بۆ هەڵێنجاندنی حوکم لەدەقەکانی قورئان‌و سوننەت (مەبەستمان دەقە ڕەسەنەکانی‌سوننەتە نەك دەقە داتاشراوەکان)و لەئەنجامدا چالاکیی تەشریعیی لای شەرعناسەکان سست بوو و بزاڤی ئیجتیهاد وەستا. بەپێی سەرچاوە پەیوەندارەکانیش، ئیمامی حەرەمەین ـ ئەلجوینی (٤١٩ ـ ٤٧٨ ك) بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەکۆڕای زانایان بڕیاریانداوە کەس (تقليد)ی هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر(د٠خ) نەکات بەڵکو دەبێت هەموو کەسێك، پێڕەوی مەزهەبی ئەو ئیمامانە بکات کە لەبوارە شەرعییەکاندا تیۆریزەیانکردووەو مەسەلەکانیان پۆلێنکردووەو ڕاڤەیانکردوون، ئینجا حوکمی ئەوەشیدا کەدەبێت خەڵکی بێسەواد لەسەر پێڕەوی مەزهەبەکان بن، بۆیە ئبن صلاح(٦٤٣ك) بەپێویستی زانی کەموسڵمانان بچنەسەر مەزهەبی چوار ئیمامە گەورەکە(التقرير والتخيير ٣٥٣/٣)، واتە: ئیمامی حەنەفی، ئیمامی شافعی، ئیمامی مالك‌و ئیمامی ئەحمەد.

دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ باسوخواس دەربارەی ژنو دەڵێین ئەگەر گوتاری هاوچەرخی ئیسلامی دەربارەی مەسەلە هەنووکەیی‌یەکانی ژنو پێویستیی داماڵینی ژەنگوژاری چەندین سەدە لەکەڵەکەبوونی هرزی کۆنەپارێزی شوێنکەوتوان (التابعین)و ئەوانەی دوای ئەوانیش (المتأخرین) کەدەرەنجامی هەنگاوە دۆگماکانیان، هەنگاوی‌تری دۆگماتری لێکەوتەوە؛ ئەوەش بەحوکمی قەدەغەکردنی بەزاندنی سنووری داڕێژراوو لەقاڵبدراوی چوار گەورە شەرعناسەکەی ئیسلام: ئیمامی شافعی (محەمەد بن ئدریسی شافعی١٥٠ ـ ٢٠٤ ك)، ئیمامی حەنەفی (ئەبو حەنیفە ئەلنوعمان ٨٠ ـ ١٥٠ك)، ئیمامی مالك (مالك بن ئەنەسی ئەصبەحی ٩٣ ـ ١٧٩ك)و ئیمامی ئەحمەد بن حەنبەل (١٦٤ ـ ٢٤٨ك)و داخستنی دەرگای ئیجتیهاد؛ دەڵێین ئەگەر ئەم گوتارە هاوچەرخە ئیسلامییە دەربارەی مەسەلەکانی ژن، بانگەوازی بۆ تێکشکاندنی کۆتوپێوەندەکانی سەردەمی(الحریم)و حەرەمسەرای هەڵدابێت، ئەوە لەبەرامبەردا هەندێك توێژی کۆمەڵی ئیسلام (وەکو ئالوبەیت ـ أهل البیت ـ و شێخانو ئەهلی تەریقەت) لەزۆر ناوچەی جیهانی ئیسلامیدا، پرنسیبە تایبەتییەکانی هاوشانبوون (الكفاءة)یان لەپەیوەندییە جیاجیاکانیاندا لەگەڵ توێژەکانی‌تری کۆمەڵدا، بەشێوەیەك رەگاژۆکرد کەناچاربوون دەقە ئاینییەکان (بەقورئانو سوننەتەوە) بەباری پراکتیزەکردنی بیرەکەیان لێکبدەنەوەو بەپێی سەردەم، تەئویل بۆ دەقەکان بکەنو تەنانەت گوێنەدەنە دەقی فەرموودە دانراوەکان (الأحادیث الموضوعة)و لەدەقە رەسەنەکانیان جیانەکەنەوە. ئەمەش نەك لەبەر نەزانییان بێت بەڵکو بۆ تێپەڕاندنی ئەو پرنسیپانەی بۆ هێنانەدیی ئامانجیان دایانڕشت کەئەویش بالإیبدانە بەتوێژی خۆیان کەنابێت (بەڵکو بەلایانەوە ناشێت) لەڕووی هەندێك پەیوەندیی کۆمەلایەتییەوە (وەکو زەماوەند بەتایبەتی) تێکەڵ بەچینو توێژەکانی‌تری کۆمەڵ بنو لەکۆتاییدا ئەم پرنسیپە (کۆتوپێوەند)انە خەرمانەیەکیان لەپیرۆزی لەچواردەوری ئەم توێژەدا پێکهێناو هەوڵە زۆرەکانی نوێکردنەوەی ئاینیش دەروەستی نەهات کە لەجیهانی ئیسلامیدا، پیاوانی وەکو جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩ ـ ١٨٩٧ز)، عەبدولڕەحمانی کەواکبی (١٨٤٩ ـ ١٩٠٢ز)، رەفاعە تەهتاوی (١٨٠١ ـ ١٨٧٣ز)، محەمەد عەبدە (١٨٤٩ ـ ١٩٠٥ز)، محەمەد رەشید رەزا (خاوەنی رۆژنامەی المنار لەمیسر)، قاسم ئەمین (١٨٦٥ ـ ١٩٠٨ز)، عەلی عەبدولڕازق

(١٨٨٨ ـ ١٩٦٦)، هەروەها نەزیرە زەینەدین (١٩٠٨ ـ ١٩٧٦) لەناو ژناندا، كەئەم خەمخۆرو نوێكەرەوانەی شەرعی دروستو راستەقینەو دوور لەچەواشەكاری، هەروەها تێكۆشەران لەپێناو بەدیهێنانی خۆشیو ئارامیو تەبایيو ئاشتەوايیو بەدیهێنەرانی پرنسیپی پێكەوەژیانی كۆمەڵی مرۆڤایەتی، بایەخی زۆریان بەكێشەكانی خێزانو زەماوەندا وەكو یەكەیەكی بنچینەیی كۆمەڵ، هەروەها لەرێی تیۆریزە هاوچەرخەكانیان هەوڵیاندا رووی گەشی ئاین بەكۆمەڵی ئیسلامیو رۆژهەلاتیو بەتایبەتی جیهان بەگشتی نیشانبدەنو ئاشنابكەنەوەو ژەنگوژاری لێكدانەوەو راڤەی دۆگمای سەدە تاریكەكان (لەگەڵ رێزی زۆرمان بۆ تیۆریستانی ئەو سەردەمانە كە لەنیازپاكیو دڵسۆزییان بووە دەقیان بەو ئاوایە راڤەو تەئویلكردووە كەجاروبار بەرژەوەندیی كەسیو رووپامایيكردن بۆ فەرمانداریش رۆڵی خۆی لەم رووەوە گێراوە) لەبینای كۆمەڵ دادەتەكێنن، وەكو كتێبەكەی رەفاعە تەهتاوی (المرشد الامين للبنات والبنين ـ ١٨٧٤) كەتەهتاوی لەو بەرهەمەیدا، بانگەوازی بۆخوێندنی تێكەڵ بۆ كورانو كچان هەڵدا، یان كتێبەكەی قاسم ئەمین (تحرير المرأة ـ ١٨٩٩) (الدين فی المجتمع العربی ـ تأثير التيارات الدينية، ليلى عبدالوهاب، ص٢٨٥ ـ ٢٨٦)، هەروەها تاكە دوو بەرهەمە دەگمەنو ناوازەكەی خاتوو نەزیرە زەینەدین (السفور والحجاب ١٩٢٨)و (الفتاة والشيوخ) كەدوابەدوای كتێبی یەكەمی دەرچوو و رەتدانەوەی رەخنەگرەكانی بوو لەپیاوانی ئاینی كەئەم ژنە رۆشنبیرە، بەگژ هەموو ئەو جێماوو كۆتوپێوەندە سلبیو نامرۆییانەی هزری كۆنو دۆگمادا چۆوە لەوانەی بەناوی ئاینەوە دەرهەق بەژن جێبەجێدەكراو ژنانیان لەناو چواردیواریماڵدا بەستبۆوەو كردبوویان بەبووكڵەیەكی سێكسواڵ بەدەست پیاوەوە زیاترنا[٧]. یان جەمالەدینی ئەفغانی كە لەرێی نووسینەكانی لەرۆژنامەی (العروة الوثقى)، شانبەشانی محەمەد عەبدەی ئیمامی پێشكەوتنخوازو نوێخوازی سەردەمەكەی، بەیداخی جامیعەی ئیسلامی هەڵكرد بۆ رزگاربوونی گەلانی موسڵمانو رۆژهەلات لەدەست كۆڵۆنیالیزم، بێئەوەی ئەوەمان لەبیربچێت جەمالەددینی ئەفغانی، لەمیانەی هەنگاوە ریفۆرمسازییەكانیدا كەبەیداخی (الجامعة الإسلامية)ی هەڵكردبوو، لەرووی گوتاری سیاسییەوە (دەسەلاتی حوكم لەئیسلامدا) سەلەفییەكی تەواوبوو كەئەم بانگەواز هەڵدانەی بۆ ریفۆرمسازیی ئاینی، لەدژی سەرهەڵدانی هزری ناشیۆنالیست بوو بۆ دامەزراندنی

دەوڵەتی نەتەوەییو رزگاربوون لەحوکمو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. واتە، راستە ریفۆرمسازبوو، بەڵام لەروانگەیەکی سەلەفییەوە، سەلەفیگەراییەکەیشی لەڕوانگەی پێویستیی هەڵێنجانی بیری نوێ بوو لەدەقە ئاینییەکان (الخطاب العربي، د.الجابري، ص٧٤).

ئەم شەرعناسو رۆشنفکرو مەدەنیەتخوازانە، جگە لەبانگەوازکردنیان بۆ بەرگرتن لەفرەژنی (تعدد الأزواج)ی رەها کەپاساوی شەرعی نییە، هەروەها کەمکردنەوەی تەلاقو پووچەڵکردنەوەی پێویستیی حجابکردن بەو شێوەیەی کەژن لەهەموو چالاکییەکی کۆمەلایەتی دادەبڕێتو دەیکاتە دەستوپێو چاوبەستراوی ناو قەفەزی ماڵ، هەروەها سەپاندنی خوێندنی تێکەڵ بۆ کوڕانو کچان، دەڵێین ئەمانە جگە لەوانە ئاوڕیان لەکێشەکانیتری ژنان دایەوە وەکو نەهێشتنی کۆتوپێوەندە سەپێنراوەکانی ناو چوارچێوەی خێزان وەکو بەستنەوەی ژنان (لەڕاستیدا زیندانیکردنیان، چونکە ئەگەر لەماکی وشەی - بەستنەوەی ژنان - لەهرزی گەلیدا بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەئەم هرزە چ تێزێکی ئاژەڵیی بۆ هێشتنەوەی ژن لەماڵدا بەکاردێنێت!) لەسنووری ماڵ (حەرەمسەرا)داو دژی هەموو شێوە چەوساندنەوەیەکی ژنان وەستان کە(نەزانانە) لەلایەن کۆمەڵەوە بەناوی ئاینو شەرعەوە جێبەجێدەکرێت. ئەمە لەکاتێکدا گوتاری هاوچەرخی سەلەفی، زۆر بەتوندی دژی مەسەلەی خوێندنی تێکەڵ بۆ کوڕانو کچان وەستاوەو بەتێکدەری ئاکارەکانی ژماردووەو بەلایەوە، ئەوانەی بانگەواز بۆ خوێندنی تێکەڵ هەڵدەدەن؛ بەو موشریکانە دەشوبهێنن کەباسی سوودەکانی مەی دەکەنو گوناحی گەورەی خواردنەوەی لەبیردەکەن. جگە لەوەی ئەم گوتارە هاوچەرخەی سەلەفییەت، دژی خوێندنو پەروەردەی سەردەمیشە بەبیانووی ئەوەی لەڕۆژئاواوە هاتووەو تەنانەت خوێندنی ژن لەزانکۆکاندا هیچ نییە بەڵکو(بەلایەوە) ژن، لەم قۆناغەی تەمەنیدا، دەبێت شوویکردبێتو بەپێی پرنسیپی زەماوەندی پێشوەخت(الزواج المبكر - لەدوای تەمەنی ١٦ساڵەوە) لەناو ماڵو مێردی خۆیدابێت (س.پ، ل٢٩٤).

ئەڵبەت خەمخۆرە نوێکەرەوەکانی ئاین، بێئەوەی مەبەستیان بێت، راست ئەو دەقەی سوننەتیان جێبەجێکردووە کەدەفەرموێت (إنّ الله يبعث لهذه الأمة، على رأس كل مائة سنة من يجدد دينها)(التاج، ج٣، ص٤٢٨) کەئەم دەقە، خۆی لەخۆیدا

ڕەتكردنەوەو پووچەڵكردنەوەی هەموو جۆرە دۆگمابوونێكی ئاینییەو جەختدەكات لەسەر توانای ئاین بۆ نوێبوونەوەو مشتومالْكردن (دیارە لەڕووی ئیجتیهادو ڕاڤەو تەئویلدا)، ئینجا خواوەند، هەموو سەد ساڵ جارێك، كەسێك بۆ نوێكردنەوەی ئاینەكەی ڕەوانە دەكات. هەر ئەم ئازادیدانە بۆ ڕاڤەو تەئویلكردنو وەستان دژی (تقلید)ی كوێرانەو دۆگمابوون، وای لەگەورە ئیمامێكی وەكو ئەبو حەنیفەی دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفی كرد (پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەم تێزە كردووە) بۆ بەردەوامیدان بەپروسەی تەئویلو نوێكردنەوەی ئاین بەپێی گۆڕانی سەردەمو قوناغ؛ وتەزا بەناوبانگەكەی (هم رجال، ونحن رجال) بلێت كەبەردی بناغەی ڕەتكردنەوەی تەقلیدی كوێرانەیە، ئەمەشبوو وای لێكرد نەبێت بەشوێنكەوتووی فێرگەی (التابعین) كە بەموو لەپرنسیپو ڕێوشوێنەكانی (السلف) سەلەفییەكان لایاننەدەدا. ئەم پرنسیپەی ئەبو حەنیفە دژی هەر دۆگمابوونو لاساییكردنەوەیەكی كوێرانەیە كەشوێنكەوتن بەبێ لێكدانەوەو پێكگرتنو گونجاندن لەگەڵ سەردەمدا، پووچەڵكردنی سوودو بایەخو كارو كاریگەریی عەقڵە (شەرعناسی سەردەمیش، لەنوێگەریخوازانی ئاینی، لەهەموو ڕوویەكەوە هەوڵیاندا بۆ گونجاندنی ئاین لەگەڵ زانستدا كەئەمەش لاساییكردنەوەی ڕۆژئاوا ناگەیەنێت لەڕووی وەرگرتنو خواستنی بیروباوەڕو خوونەریتە كۆمەلایەتییەكانیان بەناوی پرۆسەی پێشكەوتنخوازەتیو مۆدێرنێتەوە، هەروەكوچۆن ناشێت بەبێ لێكدانەوەو پێكگرتنو گونجاندن، هرزی سەلەفی لەگەڵ ئەمرۆدا پێكبگیرێتو لەژیانو مامەڵەی ڕۆژانەو بوارە جیاجیا كۆمەلایەتییەكاندا پراكتیزەبكرێت) كەئەقڵ بۆ تێڕامانو هەڵسەنگاندنو هەڵسووڕاندنی كاروبار كراوە. بەپێویستیشی دەزانین بۆ پاڵپشتی ئەم ڕایە بۆ ڕەتكردنەوەی دۆگماتیزم لەئایندا، ئاماژەیەكی پێغەمبەری ئیسلام بێنینەوە كەفەرموویەتی (إنكم الیوم علی دین، فلا تمشوا بعدي القهقری) (أین الخطأ، ص١٠٩)، واتە چەقینو مەیینو وەستان، نیشانەی دواكەوتن یان هەنگاوانانە بەرەو دواوە كەدەقەكە بەوشەی (فلا تمشوا) نەهی لێكردووە.

ئەڵبەت تەقلید (شوێنكەوتن ـ ڕچەگرتن)ی كتومت، جگەلەوەی گەڕانەوەیە بۆ دواوە، مەیینی ئێستاو مردنی پاشەڕۆژیشە. بەواتایەكیتر، سەلماندنی ناكارابوونی عەقڵە. شایەنی باسە كەیەكێك لەنەهامەتییەكانی كۆمەلانی خەڵكو نەوەی نوێ

کەدەبێتە مایەی سەرگەردانییان، لاساییکردنەوەی ڕێوشوێنی باوباپیرانە بێئەوەی کەلەپووری ئەوان، لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنن‌و لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی هاوچەرخانە، سوودی لێبینن بەڵکو بەردەوام دەبن لەگرتنەبەری ڕێوشوێنە کۆنەکان چونکە کاریگەریی فیقهی سەلەفی لەسەریان ئەوەندە بەهێزە وای لێکردوون دەستبەرداری ئەو ڕێوشوێنانە نەبن کە لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار، لەنەستیاندا جێگیرو ڕەگاژۆبوون (ئەمەش وەکو پێشتر گوتمان لەئەنجامی لەکارخستنی عەقڵە)، ئینجا ئەو پرنسیپانەیان لێ بۆتە قەدەغە(تابۆ)و لەئەنجامدا بەزاندنی ئەو قەدەغەو سنوورانە، دەبێتە قەدەغەشکاندن‌و ئەمە، ئەگەر بەلایانەوە بەگەورە گوناهان(الكبائر) لێکنەدرێتەوە ئەوە بەلایەنی کەم، بەوردەگوناهان(الصغائر) لێکدەدرێتەوە هەروەکو لەمەزهەبی شیعەدا بەدیدەکەن کەزەماوەندی کاتی(زواج المتعة - المؤقت) لای فیقهی شیعەی جەعفەری(دوازدە ئیمامی)، بەپێی هەندێك دەقی سوننەت (کەلای ئەوان پەسەندو دروستن) گوایە ئەوەی لەژیانیدا یەك جار زەماوەندی کاتی بکات ئەوە پلەکەی وەکو پلەی ئیمامی حسەینە، ئەوەی دوو جار بیکات پلەکەی وەکو پلەی ئیمامی حەسەنە، ئەوەی سێجار بیکات ئەوە پلەکەی وەکو پلەی ئیمامی عەلییەو ئەوەشی چوارجار ئەو زەماوەندە بکات پلەکەی وەکو پلەی پێغەمبەر وایە، کە بەپێی ئەم دەقە(دانراوو داتاشراوە) زەماوەندی کاتی، دەبێت بە(فرض)ێکی ئاینی، ئینجا جێبەجێنەکردنی، موسڵمان گیرۆدەی گوناه دەکات، چونکە لەدەقێکیتری سوننەتدا کەشیعەکان بۆ پاساودانی دروستی‌و شەرعیبوونی زەماوەندی کاتی دەیهێننەوە هاتووە کە (جاءَ جبريل بِهدية مِن رَبِّي وتلك الهدية متعة آلنِّساء آلمُؤمنات، ولَم يَهد الله هذه الهدية الى قبلي من الانبياء .. ومَن تَمَتَّعَ مَرَّة في عُمره صارَ من أهلِ آلجَنَّة .. وإذا آجتَمَعَ آلمُتَمَتِّعُ وآلمُتَمَتِّعَةُ في مَكانٍ مَعاً يَتَنَزَّلُ عليهما مَلَكٌ يَحرسهُما الى أن يَفتَرقا، ولو تَكَلَّما بَينهُما فَكلامهُما يَكونَ ذكراً وتَسبيحاً، وإذا قَبَّلَ أحَدُهُما الآخَر كُتِبَ لَهُما بِكُلِّ قُبلَة أجر آلحَجّ وآلعَمرة، ويُكتَبُ في جِماعهما بِكُلِّ شَهوَة ولذة حَسَنَة كالجِبالِ آلشَّامخات .. يا عَلي .. الَّذي يَظُنُّ أنَّ هذه السُّنَة خَفيفَة وضعيفة ولا يحبها فهو ليس مِن شِيعَتي وأنا بَريءٌ مِنهُ)(نەجم عەبدوڵڵا محەمەد، زەماوەندی کاتی، گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە، ژ٦، ل١٤١. کەنووسەر، ئەم دەقەی لە: تفسير منهج الصادقين، للملاّ فتح الله الكاشاني وەرگرتووە).

وەك دەبینین، ئەم دەقەی سوننەت کەشیعەکان کردوویانە بەبەڵگەی دەستیان بۆ پاساودانی ڕەوابوونی زەماوەندی کاتی، بەشێوەیەك داڕێژراوە کەپێڕەوکردنی، سوننەتێکی دروستەو زیادلەوەش، ئەوەی فەرموودەکە بەدروست(صحیح) یان لاواز(ضعیفة وخفیفة) بژمێرێتو حەزی پێنەکات ئەوە لەکۆمەڵ (شیعە)ی پێغەمبەر نییەو پێغەمبەر ، لەئەودونیادا خۆی لێ بێبەری دەکاتو بۆ شادبوون بەبەهەشت، پاڵپشتی ناکات. دەقەکە گفتوگۆیەکی پێغەمبەرە بۆ عەلیی کوڕی ئەبوتالیب دەکات کەئەمەش بەڵگەی دروستیو پەسەندیی دەقەکەیە بەلای شیعەوە. ئەمەش وادەکات کەئەوانەی پێڕەوی ئەم ڕێنماییە(زەماوەندی کاتی) نەکەن ئەوە خۆیان گیرۆدەی سزای ئەودونیا دەکەن. جگە لەهاندانی موسڵمان بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو زەماوەندانەی دەیانکات کەهەتا زەماوەندێك زیاتربکات ئەوە پلەی لەلای خواوە بالإترە هەتا (داڕێژەری دەق) پلەی کەسێك کە لەژیانیدا چوار جار ئەمجۆرە زەماوەندە دەکات؛ دەگەیەنێتە پلەی پێغەمبەر!

### قەیرانی کۆمەڵ و دەقی نامۆ

خۆ ئەگەر ژن بەپێی پەرەسەندنو گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی، وێنەی خودیی لەلا گەلإڵە بووبێتو گەیشتبێتە ئاستی قایلبوونو شانازیکردن بەخۆی وەکو مێ ـ ژن، ئینجا وەکو دەرەنجامێکی ئەم هۆشیارییە، بەبڕوایيو سەربەخۆبوون مامەڵە لەگەڵ جەستەو هۆش(عەقڵ)ی خۆیدا بکاتو لەئەنجامدا هەست بەپێکەمی (النقص)ی بەسەردا سەپێنراویدا لەبەرامبەر پیاودا نەکاتو ئەو سنووره(فۆبیایە) لەڕێی تواناو هێزە خۆییەکانی ببەزێنێت؛ ئەوە لای هەندێك توێژو چینی کۆمەڵ کەبیرو هۆشی بەهزری ئاینی گەلی بارگاویکراوە، بەربەستی سەرەکیی جیاوازبوونی لەگەڵ توێژو چینی‌تردا هەر دەمێنێت (ڕاستتریش وایە بگوترێت لەلایەن سەرانی ئەو توێژو چینە ئاینی ـ کۆمەڵایەتییەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت)و لەکۆتاییدا (ژن) ناتوانێت هۆشیارییەکەی، بەئازادی جێبەجێی بکاتو بۆ زەماوەند بەتایبەتی (کەئاوێتەبوونێکی جەستەییو گیانەکیی دوو مرۆڤی هۆشمەندە) خاوەنی قسەو ڕای خۆی بێتو لەهەڵبژاردنی هاوسەردا سەربەست بێت کەیەکێك لەمەرجەکانی

زەماوەندی دروستو حەڵاڵ(شەرعی)، وەرگرتنی ڕەزامەندییە لەژن بۆ زەماوەندکردن هەرچەندە ئەمە، بەپێی شەرع بۆ کچ پێویستی بەگەورە ـ بەخێوکەر(ولي) هەیەو بۆ بێوەژن، خۆی گەورەو بڕیاردەری چارەنووسی خۆیەتی.

## حوکمی فیقهی دۆگما لەبەرامبەر کێشەی سەردەم

خۆ ئەگەر ئەم پرنسیپەی ئاینی ئیسلام بۆ زەماوەندکردنی ژن، بەپێی مەزهەبی شافعی بەم ئاوایەبێت، ئەوە لەبەرامبەردا مەزهەبی حەنەفی ڕێگەی بەکچیشی داوە بەبێ (ولي) زەماوەندبکات (فجر الإسلام، ص٣٠٠) بەمەرجێك گەیشتبێتە تەمەنی باڵقبوون (سن الرشد ١٦ ـ ١٨ ساڵ) کەدەکرێت ئێمەی کورد لەکوردستانی عیراقدا، بۆ کچانی کەسوکار ئەنفالکراومان(کەئەمە کێشەیەکی گەورەیە ڕوویکردۆتە کۆمەڵی کوردەواریمان لەسایەی حوکمی سیو پێنج ساڵەی ڕژێمی بەعس لەعیراقدا)،بەمەبەستی بەشوودانیان، سوود لەم حوکمەی مەزهەبی حەنەفی وەربگرینو(تقلید)ی ئەم مەزهەبە بکرێتو زەماوەندکردنی کچێك کەباوك، مام، خاڵ، برای گەورە(ولي)ی لەپرۆسەکانی ئەنفالە بەدناوەکاندا تیاچووبن ئەوە لەڕێی دوو خزم یان ناسیاری کچەکەوە(چ خەڵکی گوندەکەی بن یان ناوچەکە) کەشایەدی بۆ بدەن، جێبەجێی بکەین. هەروەکو ئەو ڕووداوەی لەبارەگای سکرتاریەتی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان(سلێمانی) لەساڵی ٢٠٠٠دا هاتە پێشەوە کاتێك کێشەی مارەبڕینی کچێکی کەسوکار ئەنفالکراو هاتە بەردەستی لیژنەی باڵای فتوای کەردستان کەلیژنەکە، بەپێی مەزهەبی شافعی (کەپێڕەوی کوردی سوننی مەزهەبە لەکوردستانی عیراقدا) مامەڵەی لەگەڵ کێشەکەدا کردو کچەکەیان لەداواکارەکەی مارە نەبڕی هەرچەندە ئەو لیژنەیە ئاگاداربوو کەئەو کێشەیە لەڕێی خۆ(تقلید)کردن بەمەزهەبی حەنەفی چارەسەر دەبێت بەڵام بەلایەوە گرانبوو لەمەزهەبی شافعی لابدات. بەڵام دوو کەس لەزانا ئاینییەکانی ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی زانایان (مامۆستا مەلاعەبدوڵڵا کەریم میرزا ـ پەرخیو، مەلاعەبدوڵڵا مەلامحەمەد هەڵەبجەیی) کەدوو زانای ئاینیی ڕۆشنفکرو پێشکەوتنخوازنو لەدەربڕینی بیروڕادا سوود لەهەموو مەزهەبەکان وەردەگرن، لێنەگەڕان ئەم کارە پیرۆزە(زەماوەند) پەکیبکەوێت. ئەوەبوو بەڕێز مامۆستای پەرخی، خۆی(تقلید)ی مەزهەبی حەنەفی کردو لەسەر بنەمای هەبوونی دوو شایەدی هۆشمەندو باڵق،

کەکچەکە بناسن‌و بزانن کچی کێیەو لە چ بنەماڵەیەکە، مارەی کچەکەی لەکوڕەکە بڕی‌و بەڕێز مەلای هەڵەبجەیی پەیوەست(مارەنامە)ـەکەی بۆ کردن‌و کێشەکە کۆتایی هات. بەمە، ئەو دوو زاتە سەلماندیان کەئاینی ئیسلام، ئەو ئاینە دۆگمایە نییە کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، بەڵکو عەقڵی مرۆڤە ئەگەر دۆگمابوو، ئیدی شەرعی ئاینیش دۆگما دەبێت.